گۆڤاری

كوردستان له به‌ڵگه‌نامه‌كاندا

ژماره دووی ٢٠٢٦ ساڵی دووەم

خاوەنی ئیمتیاز : دكتۆر نوزاد یحیی باجگر

سەرنوسەر: هاوكار حمە فەرەج

بەڕێوەبەری نوسین : همزە رحمان

دیزاینەری بەرگ و ناوەڕۆك : نور محمد جواد

له سه‌ندیكای ڕۆژنامه‌نوسانی كوردستان به ژماره (١٠٠٠) تۆماركراوه

بۆ پەیوەندی كردن

website: www.kar.cihanuniversity.edu.iq

Email: journal.kurd.doc@cihanuniversity.edu.iq



بڵاوكراوەی زانكۆی جیهان-هەولێر

٢٠٢٦

پێڕست

دیدگایەک بۆ گۆڤاری کوردستان لە بەڵگەنامەکاندا
د. نەوزاد یەحیا باجگر
سەرۆکی ئەمینداریەتی زانکۆ، پەیمانگا و قوتابخانەکانی جیهان

مێژوو لە سەردەمی ژیریی دەستکرددا
خوێنەرانی خۆشەویست.. توێژەران و خەمخۆرانی مێژووی کوردستان..
خۆشحاڵین کە ژمارەی دووەمی گۆڤاری **کوردستان لە بەڵگەنامەکاندا** دەخەینە بەردەستی ئێوە، لە کاتێکدا جیهان بە قۆناغێکی هەستیاری وەرچەرخانی تەکنەلۆژیدا تێپەڕدەبێ. ئەرکی ئێمە تەنها کۆکردنەوەی بەڵگەنامە نییە، بەڵکو پاراستن و خوێندنەوەی مێژووە بەو ئامرازە نوێیانەی، کە سەردەمەکە پێمان دەبەخشێت.
ئەمڕۆ، ئێمە لەبەردەم شۆڕشی **ژیریی دەستکرد (Artificial Intelligence)** داین. ئەم تەکنەلۆژیایە تەنها بۆ داهاتوو نییە، بەڵکو **ئامرازێکی ستراتیژی و بزوێنەرێکی کارایە،** بۆ ڕوونکردنەوەی تەمومژەکانی ڕابردوو. لای ئێمە، بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە بواری بەڵگەنامەناسیدا دەبێتە هۆی:

- **ساغکردنەوەی بەڵگەنامەکان:** بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ جیاکردنەوەی بەڵگەنامەی ڕاستەقینە لە ساختە و پاراستنی ڕەسەنایەتی مێژوو.
- **بەرەوپێشبردنی ئەرشیف:** بەدیجیتاڵکردن و شیکردنەوەی خێرای ئەو دەق و بەڵگەنامە کۆنانەی، کە ساڵانێکی زۆر بەهۆی تێکچوونی کاغەزەکانیان یان ناڕوونی نووسینەکانیانەوە بە نادیاری مابوونەوە.
- **زیندووکردنەوەی مێژوو:** ژیریی دەستکرد دەرفەتمان دەداتێ، مێژووی کوردستان لە ناو ڕەفە تۆزاوییەکانەوە ببهێنینە دەرەوە، بە شێوازێکی کارلێکەر (Interactive) پێشانی نەوەی نوێ بدەین.

ئێمە لەم ژمارەیەدا، وێڕای خستنەڕووی چەندین بەڵگەنامەی گرنگ و بڵاونەکراوە، جەخت لەسەر ئەوەش دەکەینەوە، کە پێویستە ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان سوود لە ژیریی دەستکرد وەربگرن، بۆ کۆکردنەوەی ئەو پارچە پەرشوبڵاوانەی مێژووی نەتەوەکەمان، کە لە ئەرشیفە جیهانییەکاندا ماونەتەوە. تێکەڵکردنی «ڕەسەنایەتی بەڵگە» لەگەڵ «ژیریی تەکنەلۆژیا» تاکە ڕێگەیە، بۆ ئەوەی مێژوویەکی بێگەرد و زانستی بۆ نەوەکانی داهاتوو جێبهێڵین.
وەک خاوەنی ئیمتییاز، سوپاسی بێپایانم بۆ سەرنوسەر، بەڕێوەبەری نوسین و ئەو توێژەرە دڵسۆزانە هەیە، کە هاوشانی گۆڕانکارییەکانی سەردەم، کار بۆ بەدۆکۆمێنتکردنی ناسنامەی کوردستان دەکەن.

بەهیوای سەرکەوتن

گەشتێکی نوێ بۆ بەڵگەنامەکان

وشەی سەرنووسەر: مێژووی نیشتمان لە نێوان ڕەسەنایەتی و هاوچەرخبووندا
بڵاوکردنەوەی ژمارەی دووەمی گۆڤاری **کوردستان لە بەڵگەنامەکاندا،** بەردەوامیی ئەو بەڵێنەیە کە بۆ پاراستنی شکۆی مێژوویی نەتەوەکەمان و بونیادنانی ئەرشیفێکی نیشتمانیی باوەڕپێکراو دابوومان. مێژوو لای ئێمە تەنها کۆکردنەوەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامی لێکۆڵینەوە و گەڕانە بەدوای ڕاستییەکاندا، لە ڕێگەی وردترین و باوەڕپێکراوترین سەرچاوە کە ئەویش «بەڵگەنامە»یە.
لەم ژمارەیەدا، ئێمە وەک دەستەی نووسەران تەنها لەسەر ڕێگا کلاسیکییەکانی توێژینەوە نەوەستاوین، بەڵکو هەوڵماندا‌وە گۆڤارەکە لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی جیهان هاوتەریببکەین. ئەمڕۆ جیهان بەرەو سەردەمی **ژیریی دەستکرد (AI)** هەنگاو دەنێت، کە ئەمەش دەرفەتێکی زێرین دەخاتە بەردەم توێژەران بۆ ئەوەی بتوانن بە قووڵاییەکی زیاتر و بە وردبینییەکی تەکنیکییەوە سەیری بەڵگەنامە کۆنەکان بکەن.

بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە بواری مێژوودا، یارمەتیمان دەدات لە:

- **خوێندنەوەی دەقە ئاڵۆزەکان:** کە بەهۆی تێپەڕبوونی کاتەوە زیانیان پێگەیشتووە.
- **بەراوردکاریی زانستی:** لە نێوان ئەرشیفی وڵاتانی جیاوازدا بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان بە کەمترین کات.
- **بەرەنگاربوونەوەی شێواندن:** ڕێگریکردن لە هەر هەوڵێک بۆ دەستکاریکردن یان ساختەکردنی مێژوو لە ڕێگەی سیستەمە پێشکەوتووەکانی پشکنین.

ئێمە لەم قۆناغەدا، جگە لە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی نوێ، کار لەسەر ئەوە دەکەین گۆڤارەکەمان ببێتە سەکۆیەکی مۆدێرن، کە تێیدا مێژووی کوردستان بە زمانی بەڵگە و بە کەرەستەی تەکنەلۆژیای سەردەم بپارێزرێت. سوپاسی بێپایان بۆ هەموو ئەو مامۆستا و توێژەرە بەڕێزانەی بەرهەمەکانیان بۆ ناردین، هەروەها دەستخۆشی تایبەت بۆ خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار، **بەڕێز دکتۆر نەوزاد باجگر،** کە هەمیشە پاڵپشت و هاندەری ئێمە بووە، بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە بە باشترین کوالێتی بەردەوام بێت.

هیوای خوێندنەوەیەکی بەسوود بۆ هەمووان دەخوازم.
لەگەڵ ڕێزدا...

سەرنووسەر
هاوکار حمەفەرەج

چەند زانیارییەکی گرنگی کوردستان لە نێو ساڵنامەکانی عوسمانی

A.}MKT.MHM.00426.00091.001

بۆ ویلاتی بەغداد

٧بەهۆی مردنی مستەفا ئەفەندی لە خەڵکی کۆی سەنجەق، ئەوەی ساڵانە وەریدەگرت لە ٦ عولبە گەنم و ٤ عولبە جۆ، لەمانە بۆ هەر یەکە ٢ عولبە گەنم و ١ عولبە جۆ بۆ زانا ئادەم زادە محەمەد و کەسێکی تر بە ناوی محەمەد، ئەوەی ماوەتەوەش لە گەنم و جۆیەکە ٢ عولبە گەنم لەگەڵ ٢ عولبە جۆ بۆ زانای کەرکووك سەید محەمەد ئەمین ئەفەندی دابین بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەنی والاوە بە گوێرەی راگەیەندراوەکانیان رێکخراوە و چۆنیەتی جێبەجێ کردنیشی دراوەتە نەزارەتی دارایی شکۆدار.

بۆ نەزارەتی دارایی شکۆدار

لە ویلایەتی بەغداد بە گوێرەی ئەو راگەیەندراوەی دراوە لە بارەی ئەو زاتانەی دەوڵەت بە گفتوگۆ رێك خراوە، هەروەها راگەیەندراوی والاکان دیارە و ئەوەی باس کراوە بۆ ناوبراوان دابین کراوە و چۆنیەتی جێبەجێ کردنیشی لە ویلایەتی ناوهاتوو فەرمان دراوە، لە خەزینەش داوای هیممەت کراوە.

٢ شەعبان ١٨/١٢٨٥ تشرینی دووەم ١٨٦٨
A.MKT.MHM. ٠٠٤٢٦,٠٠٠٩١

2

وفور الکرم افندم سلطانم حضرتلری

دولتلو عنایتلو عاطفتلو ابهتلو مرحمتلو ولی النعم ... تخلیصه حسرت بیورلمسی تمناسی وسیلهٔ عرض عبودیتم اولمشدر

رواندزلی محمد پاشا حقنده سنوح ایدن ارادهٔ سنیه کیفیتی عسکر پاشا بنده لری وصولیله معلوم کوبان عبدالله‌نک تخلیصه ... ولی النعمیاری بیورلرقده او جابر و هر حالده اوامر و فرمانه

چاکری اولوب اول اثناده شهرزور والیسی سعادتلو محمد پاشا بنده لری ماردینه طرفدن عودت ان شاء الله تعالی لدی الوصول

حضرتلرینه لازم الاحسان [illegible] ۱۲۴۲ [illegible]

HAT. 33231. B

تبشیر اولندیغنده کیفیت ارادهٔ علیه مشار الیهه بر وجه خفی اخطار و موجودیتی اولان

عساکر منصوره و عساکر سائره ایله کرکوکده توقف ایلیوب بو طرفلرده دخی ایجاب وجهله عساکر

ومهمات ارسالیله مصلحت مذکوره یه مباشرت اولنمسی اشعار اولندیغی بوندن مقدم خفیجه

ولی النعمیلرینه انها اولنمشیدی مشار الیه محمد پاشا بنده لری مجبول و مألوف اولدیغی بیت دار نفاقی

عسکر بهانه سیله خلقدن و حوالی کرکوکدن جلب و جمع ایلدیکی ذخائر و نقودی کتم و ادخار

و عساکر منصوره یی انواع مضایقه یه دوچار ایلدیکندن غیری خدعه و شرارت سببیله اول حوالی

اهالی و فقراسنی کلیاً دلکیر و پریشان ایتمکله و نصح و پند ایدن طرف چاکریمه هر زبان بو ولایته

عکسنی ایتمکله و کونا کون اصوله تشبث ایدرک طرفیمدن و خلقدن مال جلبنه و هرکسک

آسایش و امنیتک سلبنه چالشمقده اولدیغنده اول و اخر مشار الیهک بوکونه اطوار بارده سی

چاکرلرینه و جمله یه نفور و صریح اولوب بو رواندز ماده سنک مشار الیهله نتیجه بولمیه جغی

و کندوسی شهرزور ایالتنه متصرف ایکن دیکر منصور کوندرلسه دخی درلک ویرمیه جکی

و بالفرض مأموریت مذکوره یه موفق اولسه بیله دولت علیه یه منفعت کوسترمیه جکی درکار اولدیغندن

و کافهٔ زمانده حسب الاحتیاط عراق دولت علیه بنده لرینده برایسنک بولنمسی وجوب درجه سنده

ایدوکندن شهرزور ایالتنک ذیلیه عساکر منصوره دن محمد پاشا و یاخود سعید پاشا بنده لرینه خفیجه

توجیهی و کندوسنک دخی علی طریق المأموریه سبکبارجه بو طرفلره ارسالیله بو طرفدن صورت

مأموریتی اشاعت و طرف چاکریمدن هر جهت معاونه اولنه رق رواندز ماده سنه مباشرت

اولنسه سایهٔ سلطنت سنیه ده هم مصلحت مذکوره نک حسن انتاجنه سهولت و هم اهالی

و فقرانک جلب و جمعیله چاکرلرینه دخی عراقده مدار قوت اوله جغندن بر وجه التماس

شهرزور ایالتنک ذیلیه مومی الیهماردن قنقیسنه توجیهی موافق ارادهٔ سنیه ایسه اجراسیله

علی طریق المأموریه کندوسنک و توجه و مفوضیه اوامر شریفه سنک طرف بنده کانه ارسالنه لطف و عنایه

و مشار الیه محمد پاشانک دخی اناطولی طرفلرینه جلبیله کندو کسب ایدم اولان بلیه دن

به مۆری والی بەغداد عەلی رزا پاشا نووسراو بۆ سەر عەسکەر نووسراوە

چۆنیەتی جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا کە لە بارەی محەمەد پاشای رەواندزی دەرچووە، لەگەڵ گەیشتنی عەشقەر پاشا زانیارییەکان بۆ بەندە روون بۆتەوە، لەگەڵ گەرانەوەی والی شارەزوور محەمەد پاشا لە ماردین بە شێوەیەکی نهێنی لەگەڵ سەربازانی دەوڵەت لە کەرکووك وەستاوە، راگەیەندراوە بە ناردنی سەرباز و پێداویستی سەربازی بەرەو ئەو شوێنە دەروات کە بۆی دیاریکراوە، محەمەد پاشا هەروەك خورەوشت و سروشتی خودی خۆی وایە، بە بیانووی سەرباز، لە خەڵك و دەورووبەری کەرکووك زەخیرە و پارەوپولی کۆکردۆتەوە، هەروەها سەربازانی دەوڵەتی تووشی جۆرەها پەرێشانی کردۆتەوە، بە بێ سنوور خەڵك و هەژارەکانی تووشی پەرێشانی و دڵگرانی کردووە، بەندەمان هەر چییەك بنووسێت ناوبراو بە پێچەوانەی بریاری بەندە کار دەکات، هەموو رۆژ بە جۆرە شتێك لە لایەنی ئێمە و خەڵکەکە خەریکی کۆکردنەوەی پارەیە، کار دەکات بۆ ئەوەی ئاسایش و ئەمنیەتی هەموو کەسێك تێك بدات، ناوبراو بۆ یەکەم و دوا جار بەرامبەر بە بەندەمان ساردوسرە، بۆیە لە بارەی بابەتی رەواندز لەلایەن ناوبراوەوە ئەنجامێك دەست ناکەوێت، هەر خۆشی کە لە ئەیالەتی شارەزوور موتەسەرف بوو، ئەگەر فەرمانبەرێکی تر بنێردرابووایە، گرنگی پێ نەداوە، هەروەها ئەگەر لە ئەرکەکەی سەرکەوتووش بووایە، وا نیشانی داوە کە هیچ سوودێکی بۆ دەوڵەت نییە، زۆر پێویستە هەموو کاتێك وەکو یەدەگ کەسێك هەبێت بۆ پایە پێویستەکان، لە ئەیالەتی شارەزووریش لە فەریقی سەربازانی دەوڵەت محەمەد پاشا یاخود سەعید پاشا بە نهێنی چاودێری بکرێن، هەروەها هەر خۆشی لە سەر رێگا بە ئەرك بۆ ئەو ناوچەیە بنێردرێت، ئەرکەکەشی پروپاگەندە بێت و یارمەتی بدرێت، بابەتی رواندز ئاسانکاری تێدا بکرێت بۆ سەڵتەنەتی پاشا هەم بەرژەوەندی ناوبراو ئەنجامی باشی هەبێت، هەم بە هێنانی دانیشتووان و هەژاران و کۆکردنەوەیان دەبێتە هۆکاری هێز، ئەوەی دەکرێت لە ئەیالەتی شارەزوور ئەو دوو فەریقەی کە باس کراوە، بە جێبەجێ کردنی بە فەرمانی پاشا لە رێگا ئەرکەکەی پێ بسپێردرێت و ئەرك و فەرمان بۆ بەندە بنێردرێت، بە میهرەبانی و چاودێریەوە ناوبراو محەمەد پاشا بۆ ناوچەی ئەنادۆڵ بهێنرێت و کۆتایی پێ بهێنرێت و ئەوە راگەیەندراوی بەندەتانە، ئینشائەڵڵا چاودێری کردنی فەرمانی سەرووە، لە هەر حاڵەتێك بریار و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە میهرەبانە.

١٣ رەبیعی یەکەم ٩/١٢٥١ تەمموز ١٨٣٥

HAT ٠٠٦٨٣,٣٣٢٣١.B

2

دولتلو عنایتلو عاطفتلو رأفتلو ولی النعم علی الامم افندم سلطانم حضرتلری

روانزلی محمد پاشا حقنده سنوح ایدن اراده سنیه کیفیتی عسکریات بزه اربابك وصولیله معلوم چاکری
اولوب اولباده شهرزور والیسی عطوفتلو محمد پاشا تناورلری جاریه طرفنزه عود ایتمش اولدیغندن
کیفیت اراده علیه مشارالیه بر وجه خفی اخطار وموجود معیتی اولان عساکر منصوره وعساکر سائره ایله
کرکوکده توقف ایلیوب بو طرفدن دخی ایجاب وجهله عساکر ومهمات ارسالیله مصلحت مذکوره یه مباشره
اولنمسی اشعار اولندیغی بوندن مقدمجه خاکپای سعدیه اشعار اولنمش ایدی مشارالیه محمد پاشا مجبول ومألوف
اولدیغی طبیعت وارتکابنه ناشی عسکر بهانه سیله خلقدن واهالی کرکوکدن جلب وجمع ایلدیکی
ذخائر ونقودی کتم وادخار وعساکر منصوره یی انواع سفالته دوچار ایلدیکندن غیری حدت وشدتی
سببیله اول حوالی اهالی وفقراسنی کلیا دلکیر ودلشکسته ایتمکله ونصح وپند دائر طرف بندکانه دن
هر نه یازلدی ایسه عکسنی ایشلمکده وکوندن بر اصوله تشبث ایدرك طرفدن وخلقدن مال جلبنه
وهرکسك آسایش وامنیتك سلبنه چالشمقده اولدیغندن اول وادیده ایلك بو کونه اطوار
بادره سی چاکرلرینه وجهله تقریر وشرح اولوب بو روانز زاده سنك مشارالیه نتیجه بوشنه جی
وکندوسی شهرزور ایالتنه متصرف ایکن ویکی مأمور کوندرلسه دخی دولتك ویره جکی وبالفرض
مأموریت مذکوره یه موفق اولسه بیله دولتعلیه یه منفعت کوستره جکی درکار اولدیغندن
وکافه زمانده حسب الاحتیاط عراق دولتعلیه نك بزلرینه بریسنك بولنمسی وجوب درجه سنده
ایدوکنه شهرزور ایالتنك فی یوم عساکر منصوره دن محمد پاشا ویاخود سعید پاشا بزلرینه خفیجه توجیه
وکندوسنك دخی علی طریق المأموریه سبکبارجه بو طرفه ارسالیله بو طرفده صورت مأموریتی اشاعت
وطرف چاکریدن هر جهت معاونت اولنه رق روانز مصلحتنه مباشرت اولنسه پایه سلطنه سنیه ده
هم مصلحت مذکوره نك حسن انجامنه سهولت وهم اهالی وفقرانك جلب وجمعیله چاکرلرینه دخی
عراق مدار قوت اوله جغندن بر وجه التماس شهرزور ایالتنك فی یوم مومی الیهما قنقیسنه توجیهی
موافق اراده سنیه ایسه اجراسیله علی طریق المأموریه کندوسنك وتوجیه ومأموریه اوامر شریفه سنك
طرف بندکانه ارساله لطف وعنایت وهم مشارالیه محمد پاشانك اغا طوپجی طرفلرینه جلبیله کندو کسب ایدیم
اولدیغی بیلدیکمه کریانه عید ... نك تخلیصنه حسبه بیدرلسی بو دفعه طرف چاکریدن باب عالیه انها
قلنمش اولمغله اشبو تکلیفنك اسعافنه هم علیه وهم التعهد شایانه بیدرلسه التماسی ورقه تأکید عودیتم
اوامر ... لدی اشرف الوصول ... وهر حالده امر واراده افندمکدر

١٢٤٢

به مۆری والی بەغداد عەلی رزا پاشا نووسراو بۆ سەر عەسکەر نووسراوە

لە بارەی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا بەسەر محەمەد پاشای رەواندزی، لەگەڵ گەیشتنی عەشقەر پاشا بابەتەکە دەرکەوتووە، لە سەرەتاوە والی شارەزوور محەمەد پاشا لە کاتی گەرانەوەی لە لایەنی ماردین بە شێوەیەکی نهێنی لەگەڵ سەربازانی دەوڵەت و هەموو سەربازانی تر لە کەرکووك وەستاوە، راگەیەندراوە بە ناردنی سەرباز و پێداویستی بە بەرژەوەندی ناوبراو کار کراوە، ناوبراو محەمەد پاشا هەروەك خورەوشت و سروشتی خودی خۆی بە بیانووی سەرباز، لە خەڵك و دەورووبەری کەرکووك زەخیرە و پارەوپولی کۆکردۆتەوە، هەروەها سەربازانی دەوڵەتی تووشی جۆرەها پەرێشانی کردۆتەوە، بە بێ سنوور خەڵك و هەژارەکانی تووشی پەرێشانی و دڵگرانی کردووە، بەندەمان هەر چییەك بنووسێت ناوبراو بە پێچەوانەی ئەو کار دەکات، هەموو رۆژ بە جۆرە شتێك لە لایەنی ئێمە و خەڵکەکە خەریکی کۆکردنەوەی پارەیە، کار دەکات بۆ ئەوەی ئاسایش و ئەمنیەتی هەموو کەسێکی تێك بدات، ناوبراو بۆ یەکەم و دوا جار بەرامبەر بە بەندەمان ساردوسرە، بۆیە لە بارەی بابەتی رەواندز لە ناوبراوەوە هیچ ئەنجامێك دەست ناکەوێت، هەر خۆشی کە لە ئەیالەتی شارەزوور موتەسەرف بوو، ئەگەر فەرمانبەرێکی تر بنێردرابووایە، گرنگی پێ نەداوە، هەروەها ئەگەر لە ئەرکەکەی سەرکەوتووش بووایە، وا نیشانی داوە کە هیچ سوودێکی بۆ دەوڵەت نییە، لە هەموو کاتێك زیاتر لە عیراق دۆزینەوەی کەسێك وەکو یەدەگ بۆتە کارێکی پێویست و ئەرك، لە ئەیالەتی شارەزووریش لە فەریقی سەربازانی دەوڵەت محەمەد پاشا یاخود سەعید پاشا بە نهێنی چاودێری بکرێن، هەروەها هەر خۆشی لە سەر رێگا بە ئەرك بۆ ئەو ناوچەیە بنێردرێت، ئەرکەکەشی پروپاگەندە بێت و یارمەتی بدرێت، بابەتی رەواندز ئاسانکاری تێدا بکرێت، بۆ سەڵتەنەتی پاشا هەم بەرژەوەندی ناوبراو ئەنجامی باشی هەبێت هەم بە هێنانی دانیشتووان و هەژاران و کۆکردنەوەیان دەبێتە هۆکاری هێز، ئەوەی دەکرێت لە ئەیالەتی شارەزوور ئەو دوو فەریقەی کە باس کراوە، بە جێبەجێ کردنی بە فەرمانی پاشا لە رێگا ئەرکەکەی پێ بسپێردرێت و ئەرك و فەرمان بۆ بەندە بنێردرێت، بە میهرەبانی و چاودێریەوە ناوبراو محەمەد پاشا بۆ ناوچەی ئەنادۆڵ بهێنرێت و کۆتایی پێ بهێنرێت و ئەوە راگەیەندراوی بەندەتانە، ئینشائەڵڵا چاودێری کردنی فەرمانی سەرووە، لە هەر حاڵەتێك بریار و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە میهرەبانە.

١٣ رەبیعی یەکەم ٩/١٢٥١ تەمموز ١٨٣٥

HAT ٠٠٦٨٣,٣٣٢٣١.C

سعادتلو عطوفتلو رأفتلو داورا اعز اکرم ملاذم حضرتلری

دواتزلی حقفیه منوح ایدیله اراده سنیه کیفیتی خفیجه شهرزور والیسی عطوفتلو محمد پاشا حضرتلرینه اخطار وموجود معیتی اولان

عساکر منصوره وعساکر سائره ایله کرکوکده توقف ایلیوب بو طرفلره دخی اقتضاسنه کوره ... وعسکر ارسالیله خصوص مذکوره

مباشرت اولنمسی اشعار اولنمش مقدمجه باب عالیه وچاکرلری عطوفتلرینه تحریر ونکارش قلنمش ... مشار الیه کرکوکه بالوصول مقتضای

جبلتی اوزره ضعف ایله اوغراشمقده وارتکاب ایله اول حوالی اهالی وفقراسنی دلکیر وپریشان ایتمکه باشلامش وهر نقدر نصح

وپند اولنمش ایسه ده مجبور اولدرده الحاصل کرکوکده ... وبیرون ایتمش ایسه ده قالمیوب ... وشدتنه ایله نصیحتی

عجمه دخی عسکر بو جانبه طرفلرنه وصنفقده جلب ایدیکی زمانده ونفوذی ادخار واضعافا ایران عساکری طرفه جلب

انواع سفالت وضرورته دوچار ایدیلمش اولدیغندن مشار الیه بو دواتز ماده سنک بنیه جکی ... موقوف اولسه

انواع خانه ... ییان ایله بو ... برینک ... وعراقین ... ونعلیه ... ارسلدیکی مجالسده تقابیتی درکار وخفیجه

منیج ایتدیکی اشکال اولدیغندن شهرزور ایالتی فریقه عساکر منصوره محمد پاشا وبا خصوص ...

تدبیری وکندوسنک عن طریقه الماموریه بو طرفه ارسالیله ماموریتی بو طرفده اشاعه ودواتز ماده سنه مباشرت اولنمسی

وسائله محمد پاشانک دخی ... جانبه کندو کسب ... برادر کیبا ... قوتلیسی بو دفعه باب عالیه

وحضور عسکریت حرکتلرینه یازلمش ویازیلمه قائمدار صاحب عطوفتلرینه کوندرلمش اولمغله بر لوبه تقدیم ایله اجراسی خصوص

هرحال ومشار الیهک حال وکیفیتی نزد عطوفتلرینه تعریفدن مستغنی اولمغین هرحالده بونلک دفعیله فریقه یه موجب اطمینانه

بر سنده ... عنایه بیدیر ... ومعلوم ... اولدیغی اوزره مقصد اولیه بیوجه مادیه طرفلرندن جیدجه

... دخی کرکوکه انواع سفالته برادر اولدیغندن بر مدتجک کلعب احتیاجلری وایه شانک ... جیدیله

وشمدیدن دخی ... انواع ... قشلارینی دخی ختامه ایدلمش ایدوکندن

وصولنه هرباره وماهیه ... کوندرملری قصد ... وانشا اوننله ... مشکلانه اولنمسی

هبانه مجموعه ایله بو طرفه مطلوب ایلمش اولدیغی معلوم عطوفتلری بیورلدقده کلماجک ... بزیشا ...

خصوصنده همتلری ... دریغ بیورلمامق ...

2

بۆ جەنابی بە میهرەبان و پایەبەرزی جەنابی سوڵتانم

لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا سەبارەت بە محەمەد پاشای رەواندزی، هەر لە سەرەتاوە والی شارەزوور محەمەد پاشا لە کاتی گەرانەوەی بە شێوەیەکی نهێنی لەگەڵ سەربازانی دەوڵەت و هەموو سەربازانی تر لە کەرکووك وەستاوە، راگەیەندراوە بە ناردنی سەرباز و پێداویستی بۆ بەرژەوەندی ناوبراو کار کراوە، ناوبراو محەمەد پاشا هەروەکو خورەوشت و سروشتی خودی خۆی بە بیانووی سەرباز، لە خەڵك و لە دەوروبەری کەرکووك زەخیرە و پارەوپولی کۆکردۆتەوە، هەروەها خەڵك و هەژارەکانی تووشی پەرێشانی و دڵگرانی کردووە، بەندەمان هەر چۆن ئامۆژگاری بکرێت ناوبراو بە پێچەوانەی ئەو کار دەکات، وا دەردەکەوێت لە کەرکووك و دەوروبەری کەسێك نەماوە سوودی بۆ کارەکان هەبێت، بەهۆی توندوتیژی پەرشوبڵاو بوونەتەوە، هەروەها بە بیانووی سەرباز، زەخیرە و پارەوپولی لەلای ئێمە کۆکردۆتەوە، سەربازانی دەوڵەتی تووشی جۆرەها زیان و تەنگانە کردووە، لە بارەی بابەتی رەواندزەوە ئەگەر هەشبێت، ئەوا یەك ئاقچەی نیشانی دەوڵەت نەداوە، ئاشکرایە کە تووشی شەرمەزاری بووە، بۆیە لە عێراق بەندەیەك بدۆزرێتەوە، سوودی هەبێت، لە ئەیالەتی شارەزوور لە فەریقی سەربازانی دەوڵەت محەمەد پاشا یاخود سەعید پاشا بە نهێنی چاودێری بکرێن، هەروەها هەر خۆشی لە سەر رێگا بە ئەرك بۆ ئەو ناوچەیە بنێردرێت، ناوبراو محەمەد پاشا بۆ ناوچەی ئەنادۆڵ بهێنرێت و ئەمجارە لە سەروو و جەنابی سەر عەسکەر نووسراوە، هەروەها لیستی نوسراوەکەش بۆ کەسی دڵسۆز نێردراوە، لە کاتی گەیشتنی بۆ شوێنی مەبەست لە بارەی جێبەجێ کردنی هیممەت بکرێت، هەر چۆنێك بێت لەم دوو فەریقە یەکێکیان ئەرکەکەیان پێ بسپێردرێت، ئەوەی دیارە ئەو ئالایەی کە ئەرکی پێ سپێردرابوو دوای دەرچوونیان لە ماردین، ئێستا لە کەرکووك تووشی جۆرەها پەرێشانی بوونەتەوە، بۆیە ماوەیەك پێویستە ئیسراحەت بکەن، ئینشائەڵڵا هەر کە ئەرکی نوێیان پێ سپێردرا، ئەوا رەوان دەکرێن، هەروەها ئەو قشلانەی کە بونیاد دەنرێن هێشتا تەواو نەبوونە، دەستەکان لەگەڵ کۆمەڵەکانیان بۆ ئەو لایەنە داواکراون، ئەمەش دوای ئەوەی دڵسۆزی سەروو بفەرمووێت ئەوا دوای ئەو فەمانبەرەی کە دێت بە پەلە دەگاتە شوێنەکە.

١٣ رەبیعی یەکەم ٩/١٢٥١ تەمموز ١٨٣٥

HAT ٠٠٦٨٣,٣٣٢٣١.E

طرف اشرف حضرت صدارتپناهیدن مالیه نظارتنه

اموال جدیده و سنهٔ گذشته بقایاسنک سرعت تحصیلی حقنده گوندریلان امرنامهٔ سامی جناب وکالتپناهیلرینه جواباً قطعه‌ء ... والیسی دولتلو
پاشا حضرتلری طرفندن گلان تحریرات و ملفوف بوصله منظور والای نظارتپناهیلری بیورلمق اوزره لفاً گوندریلمش اولمغله
امر و فرمان حضرت من له الامرکدر

بو وجهله مشارالیه حضرتلری طرفندن بوسنه ... نظارتنه

کرکوک قضاسیله کفری بلده‌سی عائدتنه اولان پوسته تاتاری ضابطانک بولندیرلدیغی افاده‌سنه دائر بغداد دفترداری سعادتلو
افندی حضرتلری طرفندن گلان تحریرات و ملفوف دفتر منظور والالری بیورلمق اوزره لفاً گوندریلمش اولمغله امر و فرمان حضرت
من له الامرکدر

لەلایەن جەنابی راوێژکارەوە بۆ نازری دارایی

بۆ ئەوەی بە زووترین کات پارەوپولی تازە و پاشکۆی ساڵانی رابردوو بگاتە دەست، فەرماننامەی سەدری ئەعزەمی جەنابی پەیوەندیداری بە وەکالەت نێردراوە، لە وەڵامدا لەلایەن جەنابی والی جەنابی پاشای پایەبەرز نووسراو هاتووە، هەروەها لەگەڵ پۆستە نێردراوە تا بدرێتە لایەنی والای پەیوەندیداری نەزارەت، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.

لەلایەن جەنابی ناوهاتووەوە بۆ نازری پۆستەخانە
لە نێوان قەزای کەرکووك و کفری پۆستەی وون بوو دۆزراوەتەوە، لەلایەن جەنابی ئەفەندی دەفتەرداری بەغداد نووسراو هاتووە، هەروەها دەفتەر بۆ والا بەرز کراوەتەوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.

٢٨ موحەررەم ٣/١٢٦٧ کانوونی یەکەم ١٨٥٠
A.MKT.MHM ٠٠٠٢٥,٠٠٠٦٤

مالیه نظارت جلیله‌سنه

بغداد حوالیسنده واقع کفری قصبه‌سنده کمور معدنی بولندیغی بغداد والیسی دولتلو پاشا حضرتلری طرفندن جواباً اشعار اولنمش و گوندریلان

نمونه‌سی دخی بالمعاینه مطلوبه موافق بولندیغندن و بو کمورک بغداد ایله بصره بیننده ایشلیان وزره ... اولان واپورلره

لزومی اولدیغندن ... ابتدارلری و ذکر اولنان واپورلرک قوت صانجه ... صرف و خرج اولنه‌جق

کمورک وضعنه مقتضی مغازه‌لرک بری بغداد و دیگری بصره ایسکله‌لرنده و نهراً مسافه‌جه لزومی گورینوزلی نهر کنارنده اقتضا ایدن

محلده بر ایکی مغازه دخی انشا ایتدیریلرک اخراج اولنه‌جق کمورک ایشبو مغازه‌لره نقل و وضعیله مصارف واقعه‌سنک

موقتاً متعلق اولنه‌جق اراده سنیه موجبنجه تسویه و محسوب ... اوزره ... سؤال ایلدیکنه حرفا ... قپودانه‌سی

خصوص اشعار و افاده اولنمسیله کیفیت ... باب ... اراده سنیه جناب پادشاهی ... اقتضاسنک اجراسی

و ترجمه و ترفیه ... قپودانه و ...

متقضی همم به یله‌دیر

قپودانه‌سی حضرتلرینه

کفری قصبه‌سنده بولنان معدن کمورک حفری و مغازه‌لر انشاسی لزومنه دائر تذکره ... تقدیمی ... تذکره

شاوری ... اراده سنیه ... بغداد والیسی دولتلو پاشا حضرتلرینه تحریر ایتدیریلدیگی

تحریرات شاوری ... اوزره ... کیفیت مالیه نظارت جلیله‌سنه بیلدیریلمکله حضرتلرنه دخی

اقتضاسنک اجراسیله تذکره ... بیان اراده ...

بۆ نەزارەتی دارایی شکۆدار
لە شارۆچکەی کفری دەورووبەری بەغداد کانزای خەڵوز دۆزراوەتەوە، ئەمەش لە وەڵامی جەنابی پاشای پایەبەرزی والی بەغداد ئاماژەی پێکراوە، نموونەی ئەو خەڵوزەی کە نێردراوە، دوای پشکنین دەرکەوتووە کە هاوشێوەی ئەم خەڵوزە لە نێوان بەغداد و بەسرا کاری پێ دەکرێت، کە بۆ بەگەرخستنی پاپۆڕەکان پێویستیان بەم جۆرە خەڵوزەیە، بۆیە هەرچی زووە دەست بە دەرهێنانی بکرێت، هەروەها بە هەژمارکردنی هێزی ئەو پاپۆڕانەی کە باسکراون، خەرجی و دەرهێنانی خەڵۆز یەك مانگی پێویستە، جگە لەمە بۆ دروست کردنی کەرستەکە، بە پێویست زانراوە رووبەری کەناری بەغداد و ئەوی تر لە کەناری بەسرا تا رووبار دیاریکراوە، بۆیە ئەو شوێنانەی دەکەونە کەنار رووبار یەك دوو شوێن دروست بکرێت و ئەو خەڵوزەی دەردەهێنرێت بۆ ئەو شوێنانە بگوازرێتەوە و لەوێ ئامادە بکرێت بۆ بەکارهێنان، بە فەرمانی پاشا لەسەر جێبەجێ کردن و رێکخستنە، حاڵی حازر بۆ ئەوەی لە پارەوپولی ئەیالەت خەرج بکرێت، لەلایەن جەنابی پاشاوە ئاماژەی پێکراوە، چۆنیەتی کارەکەش بە رەزامەندی جەنابی شاهانە جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی، بە جەنابی والی ناوهاتوو راگەیەندراوە، هیممەت کردن لە جێبەجێ کردنی کارەکە لە خەزینەوە دەبێت.

بۆ جەنابی قەپودان پاشا
ئەو خەڵوزەی لە شارۆچکەی کفری دۆزراوەتەوە، بۆ چاڵهەڵکەندن و گواستنەوەی خەڵوزەکە بۆ شوێنی دروست کردنی، نووسراوی دەوڵەت راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لە پەراوێزی نووسراوی بەپەلە نووسراوەتەوە، جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی، لەم بابەتەدا نووسراو بۆ والی بەغداد رۆیشتووە، چۆنیەتی کارەکەش بە نەزارەتی دارایی شکۆدار راگەیەندراوە، بە جێبەجێ کردنی کارەکە نووسراوی باسکراو دەنێردرێتەوە، فەرمان بۆ ئەفەندیمانە.

١١ رەبیعی یەکەم ٤/١٢٦٨ کانوونی دووەم ١٨٥٢
A.MKT.MHM ٠٠٠٤٢,٠٠٠٥٩

لطف ذاتی حضرت سرعسکری

نفس کرکوك وکفری وسائر معلوم الاسامی قصبات ایله سلیمانیه سنجاغنده المسه اولنان [illegible] عشرت [illegible]

اردوی همایون جانبنه توصیل وجاف عشائرینك ویرکوی [illegible] اسلم

خیلیجه اقچه دخی تحصیل قیلنمش وهونز عشیرتنك دخی بازاره شغالرینی [illegible] اقامه [illegible]

دائره شهرزور متصرفی [illegible] [illegible]

اوزره [illegible] ایلتمه [illegible] مطویا

اولبابده [illegible] افندمکز

[illegible]

بۆ لایەنی پایەبەرزی جەنابی سەر عەسکەریمان

لە کەرکووك، کفری و گشت ئەو قەزایانەی کە ناویان هاتووە لەگەڵ سەنجەق سلێمانی نەفەری سەرباز وەرگیراوە، دواتر ئەو سەربازانە دراونەتە لەشکرەکانیان، هەروەها ئاقچەیەکی زۆری باج و زەکاتی مەڕومالآتی عەشیرەتی جاف کۆکراوەتەوە، جگە لەمە کارە چەتەییەکانی عەشیرەتی هەمەوەند بە چ شێوازێك دامرکاوەتەوە ئەمەیان بە ووتە و تێروتەسەلی لە نووسراوی جەنابی پاشای موتەسەرفی شارەزوور هاتووە و لەگەڵ هاوپێچیەکەیەوە بە فەرمانی والآ نێردراوە، لەم بابەتەدا فەرمانی ئەفەندیمانە.

٢٠ شەعبان ١٣/١٢٧٦ مارت ١٨٦٠

A.MKT.MHM ٠٠١٧٩,٠٠٠١٦

شهرزور متصرفنه

الحقه اولان

نفس کرکوك و کفری و سائر معلوم الاسامی قضالریله سلیمانیه سنجاغنده ~~مقیم اولدیغی~~ نفرات عسکریه‌نك

اردو همایون جانبنه توجیهی و جاف عشائرینك ویرکولری و زکات اغنام اوله‌رق خیلیجه اقچه دخی تحصیل قلندیغی و همونده

عشیرتنك نائره شقاوتلری تصویبلر اطفا اولندیغی افاده سنه و تفرعاته دائر توارد ایدن تحریراته شیفره‌لی تا[illegible]

معلوم / کیفیت

متری زائد مساعدتریه مأمول اولان رشد و درونی مذبه اولارق تمام صفت و مأموریته موافقه

و ملفوفاتی مودالری مجبی اولمشدر دولت عسکریه حضرتلریله دخی مخابره اولنمشدر. بو خصوصلر واقع اولان

اولمغله

اقدام و غیرت ~~سعادتلری موجب~~ شایان تقدیر و تحسین ~~اولمغله~~ موجب محظوظیت ~~اولمغله~~ اولمغله مقتضای

درایت ذاتیلری اوزره بوندن بویله دخی بو یولده حرکتله ابراز ماشه درایتنزه مضاعف ایلملری سیاقنده حرکت .

واقعه ابره لری تقدیراً و تحسیناً اشبو شقه مجبی تحریر قلندی

طرف والای سرعسکری‌یه کذا

اولبابده تخمینی حاوی / لطف شاورده دخی

صورت اشعار سامی سپهداریلری معلوم شاوری اولمقده ~~اولدیغی~~ متصرف مشارالیه تخمین حاوی تحریرات

~~جمعیه~~ نظیره و ذکره تحریر اندرده باب عالی ... دیکری دخی حضرت والای سرعسکریه اعطا و تبلیغ

قلنمغله اولبابده امر افندمکدر

بۆ موتەسەرفی شارەزوور

لە کەرکووك و کفری و گشت ئەو قەزایانەی کە ناویان هاتووە لەگەڵ سەنجەقی سلێمانی نەفەری سەرباز وەرگیراوە، ئەو سەربازانە دراونەتە لەشکرەکانیان، هەروەها ئاقچەیەکی زۆری باج و زەکاتی مەڕومالاتی عەشیرەتی جاف کۆکراوەتەوە، جگە لەمە کارە چەتەییەکانی عەشیرەتی هەمەوەند بە چ شێوازێك دامرکاوەتەوە ئەمەیان بە ووتە و تێروتەسەلی نووسراو هاتووە و لە هاوپێچەکانی روون و ئاشکرایە چۆنیەتی کارەکە بە جەنابی سەر عەسکەری پاشا راگەیەندراوە، بەم شێوەیە دەستپێشخەری و بوێری ئەوانەی ئەرکیان پێ دراوە رێزیان بگیرێت و ئەم نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار کرا.

پەراوێز بۆ لایەنی پایەبەرزی سەر عەسکەریمان
وێنەی ئاماژەی پاشای سەر عەسکەر دیارە، بۆ رێکخستنی بابەتەکە لەلایەن موتەسەرفی ناوهاتوو نووسراو هاتووە و لەم نووسراوانە ئەوەی پەیوەستە بە سەروو، نێردراوەتە والای سەر عەسکەر، فەرمانی ئەفەندیمانە.

٢٥ شەعبان ١٨/١٢٧٦ مارت ١٨٦٠
A.MKT.MHM ٠٠١٨٠,٠٠٠٠٣

تلغراف نامه

مخابرات تلغرافیه‌دن طولایی دولت هیچ برگونه مسئولیت قبول ایلمز

نومرو ١

وصول نومروسی	
امضالر	
نامه‌سنه و مکاتبه	مخرج مرکز اسمی
واسطهٔ سیاره	متوسط مرکز ارسالی
مأمور نوبت	بدء مخابره
کشیده ایدن مأمور	ختام مخابره
اخذ ایدن مأمور	صاحبنه ارسالی

مخرج	مورد	متوسط	نومرو	کلمه	عنوان	تاریخ	صنف تلغراف	کونی	ساعت	دقیقه
									٨	٤٥
									٨	٥٠
بغداد										٥٥

اولکی کون هوندلرله تعقیب مفرزه‌سی آره‌سنده وقوعبولان مصادمه‌ده اشقیادن اوچ نفر مقتول و بش نفر مجروح والتی حیوانلری الدیغی و عساکر
شاهانه‌دن برگونه تلفات وقوعبولمدیغی بابنده اولنور سرقرنای حضرت شهریاریه

بغداد بابنه مدیریتدن الانه شفره صورتی بالاده معروضدر ٢٨ حزیران ٣٠٦ عالی

Y.PRK.PT 6/93 1

تلغراف نامه

نمونه

مخابرات تلغرافيەدن طولايى دولت هيچ بر مسئوليت قبول ايلمز

مخابرات نشانلری	مورد ایدیکی	متوسط اولان مرکز	نومرو	کلمه	عنوان	تاریخی	صفحات تحریراتی
رسمیه	[illegible]	[illegible]	:	:	:	حزیران ۱۳۰۶ سنه — تحریری ۱۲ — ورودی ۱۲	[illegible]

	گون	ساعت	دقیقه	
محمد صبحی				وصول نومروسی
				امضالر
	۱۲	۱۰	۵۰	محمد صبحی مأمور رسوم مکاتیب تاریخ ۱۲ حزیران ۱۳۰۶
متوسط مرکزه ارسالی				واسطه سیله
بدء مخابره	۱۲	۱۰	۵۰	مأمور نوبت
ختام مخابره	۱۲	۱۱	۰۰	کشیده ایدن مأمور عصم
صاحبنه رسالی	۱۲	۱۱	۱۰	اخذ ایدن مأمور محمد صبحی

صورت

کوی سنجاق قضاسنه تابع جباله کرده‌لی نام موقعده تفقیده بولنان مفرزه بالتصادف اولنان محاربه‌ده همونددن حسینکا کاوغلی حسه نام کسه‌نك کوکسنده رسالت درجه‌ده مجروح و دیکر بریسی دخی قتل وایکی حیوانلری مرد اولدیغی محل مذکوره قریب قراهلیس طرفنده خبر الندی اولبابده

سرقرنای حضرت شهریاریه

عالی

بغداد باسمه مدیرلکندن الناده شفره صورتی بالاده معروضدر فی ۱۲ حزیران ۱۳۰۶

Y.PRK.PT 6/93

2

تلغراف نامه

مخابرات تلغرافيه دن طولايى دولتجه هيچ بر كونه مسئوليت قبول اولنمز

نمونه ١

وصول نومروسى											كلديكى استاسيون
امضالر											موردكى
مأمور وثوقى ومكاتب تاريخ ٧ حزيران ٣٠٦	الاوائل	٢	١								متوسط اولان مركز
واسطه سيله	متوسط مركز ارساليه										نومروسى
مأمور نوبت	بدء مخابره	١٩	٢	"		حزيران ١٣٠٦					كلمه
جرى كشيده ايدن مأمور	ختام مخابره	٢٥									
وصله خذ ايدن مأمور	صاحبنه ارسالى	٢٥	٢	"		٧	٧				بغداد

لهوند اشقياسى بوصباح كركوك الحاقى واقع قزل بايره نيه كيجيده تام قرارك حيوانانه وساحلرينى وكركوك

ابله جم جمال كيمدن كاربانى نهب وغارتله جم جمال ابله كركوك اره سنده كى تل شكستى ابلدكلرى معروضدر

سرقپاى حضرت شهرياريه

محمد نادر

بغداد تلغراف باشه مديرلكنده شهرى الناله شفعا تلغرافنه صورت بالاده معروضدر وضعه

٧ حزيران ٣٠٦

عالى

3

تەلەگرافنامە

رۆژێك پێش دوێنێ لە نێوان هەمەوەندەکان و مەفرەزەی چاودێری رووبەرووبوونەوە روویداوە، لە چەتەکان ٣ نەفەر کوژراوە و ٥ نەفەریش بریندار بووە، هەروەها ٦ ئاژەڵیشیان بردووە، زیانیش بە سەربازی شاهانە نەگەیشتووە، راگەیەندراوە.

تەلەگرافنامە
وێنە
لە ناوچەی جاڵەگەردەلەی قەزای کۆی سەنجەق مەفرەزە لە ئەرکی چاودێری بوونە، ئەو شەڕەی کە بە رێکەوت روویداوە، لە هەمەوەندەکان حەسەن کوڕی حوسێن کاکە فیشەك بەر سینگی کەوتووە و زۆر بە خراپی بریندار بووە، ئەوی تریش کوژراوە و ٢ ئاژەڵیشی مردار بۆتەوە، لەلایەن دانیشتوانی گوندەکانی نزیك شوێنی ناوهاتوو هەواڵ وەرگیراوە.

تەلەگرافنامە
ئەم بەیانیە چەتەکانی هەمەوەند لە دەورووبەری کەرکووك بە گوندەکانی گردی قزل یارە تێپەریون، ئاژەڵ و گشت کەلوپەلیان تالان کردووە، هەروەها ئەو کاروانەی دەچێتە کەرکووك و چەمچەماڵ تووشی هێرشی ئەوانە بۆتەوە و تالان کراوە، لەلایەکی تر تێلی نێوان چەمچەماڵ و کەرکووك تووشی شکست بووە، راگەیەندراوە.

٢٢ زیلقەعدە ١٣٠٧/١٠ تەمموز ١٨٩٠
Y.PRK.PT ٠٠٠٠٦,٠٠٠٩٣

فەهلەویات و زمانی ئاخاوتن و شێعریی بابا تاهیری هەمەدانی

ئیرەج مورادی باقلاوایی
سەردەشت (شارۆچکەی ڕەبەت) – ١٨ی ڕەزبەری ١٤٠٣

سەججادە مەی پیا ڕژاوم و عوریان و لەش-بەخوون
نوێژم مەزەننە وایە لەمەولا بکەن قوبووڵ
ڕێگەی هودا تەریقەتی عەشقە دە **«مەحویا»**
وەرن و پیا بڕۆن و (صَلّوا عَلَی الرَّسُول)

بەشی دووەم//

زمانی ئاخاوتن و شێعریی باباتاهیر

وەک لە سەرەوە سەرچاوەکانمان تاوتوێ کرد، زمانی سەردەمی باباتاهیر لە هەمەدان و دەوروبەر بە پەهلەوی ناسراو بووە. دواتر باسی ئەوەمان کرد زاڵبوونی زمانی عەرەبی لە سەرەتاوە بە سەر زمانی ساسانیەکاندا واتە پەهلەوی و دواتر هاتنی فارسیی دەری بۆ لای ڕەی و کەرەج و ئەسفەهان و هەمەدان زمانی پەهلەوی خۆماڵی ناوچەکە بە هەمەدانی، کەرەجی، ڕاژی (ڕاجی)، ئازەری، تاتی و کوردی دەرکەوتووە. سەردەمی حەسنەویەکان و شاخوەشین ئەوەی لە دەوروبەری هەمەدان و شاپوورخواست (خورەماوا) باڵادەست بووە، کوردانی گۆران و بەرزیکانیەکان بووە. گوایە هەندێ لەو گۆرانانەی [جورقان: ئیبن¬ئەسیر، ٢٤٧/٩] سەردەمی حەسنەویەکان دواتر لە ناوچەی هەمەدان وەکوو لای شارەدێی جورقان نیشتەجێ بوون. (ئەزکایی، ١٣٧٥: ١٢٥-١٤٤)

نموونەیەکی بەرچاو لە فەهلەویاتی گۆرانی، شێعرەکانی جەشنی نەهاوەندییە. شێعری ئەو شاعیرە زۆر لە زمانە ڕەسەنەکەی باباتاهیر نزیکە:
(١)
دڵا ئەر عاشقی یارت یەکی وەس وە گەر ها دوو کونی یارت نەبوو کەس
نەسیحەت ڕایەگان ئەر ها پەزێزی   هەر ئانکەش دڵ یەکی یارش یەکی وەس
(٢)
ئەزەو بازام ئەزەو بازام ئەزەو باز کە گرد لامەکانم کەرد پەرواز
ئەهلێ ڕازام و ئەژ حەق مەکەروون ڕاز نازەنینام وە ئەو حەق مەکەروون ناز
(موئەزەنی، ١٣٩٧: ٥٤ و جەباری، ٢٠٢٤: ١٥١-١٥٨ وەرگیراو لە دەستنووسی ژمارە ٦٦٥ – بلاغة المراد فی الطریق الاوراد: شێعرەکانی شاعیر لە کتێبخانەی سولەیمانییە بەشی حەسنوپاشا-تورکیە)

شێعری (ئەزەو بازام ئەزەو بازام...) جەشنی نەهاوەندی لەگەڵ (ئەز ئان ئەسبیدە باز هەمەدانی...) باباتاهیری هەمەدانی بەراورد بکرێ ئەو نزیکایەتیە لە ڕواڵەت و نێوەرۆکدا ئاشکرا ئەبێ. ئێژی باز و پەرواز لای ئەوان لە هەمەدان دوو ڕازی پڕنهێنی بووە لە بواری ڕێچکە و ڕێبازی سۆفیگەرییان. با ئەوەیش باس بکەین کە عەیدعاشق نەهاوەندی سەر بە ڕێبازی سۆفیگەری مەلامەتیە بووە (موئەزەنی، ١٣٩٧: ٤٤-٤٥) و زۆر لەو شێوازە سۆفیگەرییەی شاخوەشینی لوڕستانی و باباتاهیری هەمەدانی نزیک بووە.

لە سەرەوە باسمان لەسەر تاک-دێڕێ شێعری بەناو سەعدی شیرازییەوە کرد کە ئەم ڕستەیە (بوره هنی ورنا بوَر [بووریێ هنی ورنا بوەر: بێرەو/بەو/وەرە هەنی ورنا بوەر/بخۆ]) بەناوی زمانی کوردییەوە هێناوە. مێژووی شێعرەکە هی پێش ٩٨٢ کۆچیە. لە دیوانی باباتاهیر وشەکانی «بوره و هنی» چەند جار دووپات بوونەتەوە. وشەکانی«بووریێ، هەنی و بوەر» بەگشتی لە شێعری گۆرانیدا هەیە و هەتا ئیستەش لە هەورامی (لهۆن و ژاوەرۆیی) لەسەر زمانە. «ورنا» هەم لەوانەیە «وەر [لەتەک] نان» بێت. لە هەورامی و کرمانجی «ن» لە کۆتایی هەندێ وشە دەسوێ، وەکوو: کەتا «کەتان»، کوڕەکا «کوڕەکان»، شیلادزێ «شیلاندزێ» و ... کەواتە دەبێ واتای ڕستەکە ئەمە بێت: «بێرە ئێرە لەتەکی نان بخوە/ وەرە ئێرە نانی لەگەڵا بخۆ». کەواتە لێرە مەبەستی شاعیر لە زمانی کوردی هەمان سەبکی ئەدەبی شێعری کوردی گۆرانییە.

لە گۆڤاری فەڕانسەوی (Jornal Asiatique periodique semestrial – بەرگی ٩، ژمارە ٥، پاریس، ژانۆیە ١٨٥٧: لاپەڕە ٣٥٥-٣٥٦) باسێکی سەبارەت بە زمانی کوردی و شێعری بابا تاهیری هێناوە، ئەویش جێی سەرنجە:
«توێژینەوە لەسەر زمانی کوردی، شێعر؛ کوردەکان زۆر حەزیان لە ئاواز و چڕینە. بە ئاسانی گۆرانیان بۆ دێت و بە دەنگی خۆش دەیخوێنن.

بەداخەوە لە خەمی کۆکردنەوە و نووسینەوەی شێعری ئەو گۆرانیانەدا نین. ئەوان خاوەنی شاعیرێکی ناسراون بە ناوی بابا تاهیر، خەڵکی هەمەدانە. وێدەچێ لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٦ ز. ژیاوە. کۆمەڵە شێعرێک لەو شاعیرە بەجێ ماوە کە پێک هاتووە لە ٦٠ دووبەیتی و یەک غەزەل. زمانی شێعرەکانی بابا تاهیر تێکەڵاوێکە لە کوردی و زیاتر فارسی... نموونەی ئەو شێعرانەی بابا تاهیر دەبێ زیاتر لای شوان و جووتیاران بۆی بگەڕێت.» [نووسەر دواتر دوو شێعری بابا تاهیری وەک نموونە هێناوە:]

(١)

بنفشه جوبیاران هفته به — هلاله کوهساران هفته به

منادی کُردَکان شیلران به — وفای گلعذاران هفته به

(٢)

سری سوچی سری خوناوه ریژی — بشیم واشیم از این عالم بدر شیم

نوسم نامه بیار جانی — اگر دوری وشه تا دورتر شم

شێعری یەکەم لە هەر دوو دەستنووسە کۆنەکەی (جامع الالحان و قۆنیه)دا نیە، بەڵام لە چاپەکانی دیکەدا بەم شێوە هاتووە:

آلاله کوهساران هفته‌ای بی — بنوشه جوکناران هفته‌ای بی

منادی می¬کرم شهرو به شهرو — وفای گلعذاران هفته‌ای بی

(دەستگردی، ١٣٤٧)

شێعری دووەم لەو دوو دەستنووسە و دیوانە چاپکراوەکانیش نەهاتووە. ئەڵبەت لە وشە و دەربڕیندا هەندێ لە شێعری خوارەوە دەچێ:

دلم از دست خوبان گیج و ویجه — مژه بر هم زنم، خوناوه ریجه

دل عاشق مثال چوب تر بی — سری سوجه، سری خوناوه ریجه

(دەستگردی، ١٣٤٧)

---

[1] لەوانەیە ئەمە هەر هەمان (شلیران) بێت. لە باسی سەید موحەممەد ئەڵوەندی کوڕی باباتاهیری هەمەدانی کە چووەتە لای پیرشالیار لە هەورامان باسی ئەوە کراوە کە پیر باخی شلێرانی لە پشتی شاخی پیرڕۆسەم پێ داوە کە لەوێ خەڵوە بکێشێ. (شەیدا مەردۆخی، ١٣٨٣: ٩٦-٩٧)

لە هەر دوو شێعری سەرەوە جیا لەوەی چەند وشەی نزیک لە هەورامی و لەکی هێناوە، وەکوو: (بە/ بێ یا بی)، (هەلالە/ هەڵاڵە)، (کردکان/ کوردەکان)، (سری/ سەرێ)، (سوچێ/ سووچێ: بسووتێ)، (خوناوە/ خوێناوە یا خووناوە)، (ریژی/ ڕیژێ: بڕژێ)، بشیم، واشیم، (بدرشیم/ بەدەر شیم: دەرچم)، (وشە/ وەشە: خۆشە)، (شم: بچم)، لە ڕاڤەی شێعرەکەشدا وشەی (کردکان)ی بە کوردەکان لێک داوەتەوە.

هەر لەو سەردەمە شدسکۆ (١٨٤٢) زمانی شێعرەکانی باباتاهیری بە مازەندەرانی و مرآة القاسان (مێژووی کاشان: نووسراو لە ١٨٧٢) و هوار (١٨٨٥) بە ڕاجی [(ڕاژی: کەرەجی)] ناساندوویانە. ئەڵبەت دواتر هوار لە وتارەکانی (١٩٠٨-١٩١٤) بۆچوونەکەی گۆڕیوە و کردوویە بە هەمەدانی. ناتل خانلەری (١٣٢٤ هەتاوی) و تاهیری (١٣٩٦) باسی نزیکایەتی و پێوەندی زمانی شێعرەکانی بابا تاهیر و شێوەزارە کۆنەکانی ناوچەی جبال [زاگرۆس]ـیان کردووە. جەعفەری چەهرەقانی (١٣٩٦) لە ڕووی هاوبەشی هەندێ وشە و ڕێزمانەوە ئەو پێوەندییە بە زمانی تاتی دەبەستێتەوە. [ناوبەناو هەم هەندێ توێژەر وەبێ بوونی بەڵگەیەکی کۆن یا باوەرپێکراو پاشناوی لوڕیان بەو شاعیرەوە داناوە: وەکوو] گوبینۆ مان (١٩٠٢)، هرون ئالن (١٩٠٢)، مینوویی تێهرانی (١٣٣٥)، سەفایی مەلایری (١٣٤١) (غولامی، ١٣٩٩: ٤٧) و ئەدیب تووسی کە سەرجەم فەهلەویاتەکەی بابا تاهیری بە ناوی (قدیمی¬ترین فهلویات به زبان لری منسوب به بابا طاهر عریان) هێناوە (تووسی، ١٣٣٧: ٢-١٦) یا پێشتریش شێخ موحەمەد خانی کازەروونی لە دیوانی (اشعار ایزدی). کازەروونی ١٢٦٩ هەتاوی (١٨٩٠) ئەو کتێبەی لە بەمبەیی چاپ کردووە. لەو دیوانە ٥٢ دووبەیتی خۆی لەسەر شێواز و کێشی شێعرەکانی بابا تاهیر بە ناوی (رباعیات لُری بطرز بابا طاهر همدانی علیه الرحمه) داناوە. (کازەروونی ئیزەدی، ١٣٨١: ١٠٤-١٠٩ و فرووتەن، ١٣٩٩: ٢٣٥-٢٥٣)

بۆ باسی لوڕیی ئەوانە زیاتر کەسانێکن لوڕ وەکوو زمان و گەلێکی جیا لە کورد ئەژمار دەکەن و چاویان بەڕایی نادا ئەو پاشخانە وێژەییە بە کۆڵی کوردەوە بێت. ئەو دەمارگرژییە جار وایە هێندە توند دەبێ کە ئەگەر بەڵگەیەک شێوەزاری لەکی شێعرەکانی بابا تاهیر بسەلمێنێ، بیانووی ئەوە دێننەوە کە لەکی زمانێکی سەربەخۆیە لە کوردی و بەهۆی هاوسنووری و هاوسایی لەک و لوڕ دەکەونە یەک بازنەوە. ئەم کەسانە پێویستە دیسانەوە بەڵگەکان لەسەر پێوەندی لوڕ و لەک بە کوردەوە بخوێننەوە و چاویان لەو حاندە نەقووجێنن.

شەرەفنامە (١٠٠٥ کۆچی) لە پۆلێنبەندی شێوەزارەکانی کوردیدا دەڵێت: کورد بە سەر چوار باڵی سەرەکی زمانیدا (کرمانج، لوڕ، کەڵهوڕ و گۆران) دابەش بووە. مێژوونووسی ئەردەڵانەکانیش لاری نەبووە لەو پۆلێنبەندییە و هەمان قسەی گواستووەتەوە. (بدلیسی، ١٣٧٣: ٢٣-٢٤ و مەستوورە ئەردەڵان، ١٣٣٢: ٥)

مەلا عەوەزعەلی ئەلشتەری لوڕستانی ناسراو بە سیاپووش (لە سەدەی ١٣ کۆچی ژیاوە) لە شێعرێکدا بۆ مەلا حەقعەلی برای بەم شێوە ناوی شاعیرانی لەکی هێناوە:

تا پەرێت باچم شاعران لەک		شیرین سوخەنان تەڕوەشان یەک¬یەک
تورکە و خان مەنسوور شاکە بایندوڕ		سەڤی سەرکووهی میر نەورووز لوڕ
باقر و نەسوور قەمەرخان پیر		تاهر و تەقی ئوەیلی فەقیر
زەیدعەلی وە جاف نەجەف وە کەڵهوڕ		یۆسف یاسکە ژە کۆی کەماڵ پوڕ

(ساڵحی، ١٣٨٠: ٢٠)

لەو شێعرە چەند تێبینی هەیە کە پێویستە باس بکرێت. یەکەم سەبارەت بەو شاعیرەیە کە بە (تاهر) ناوی هاتووە. ئایا ئەمیش وەک ژمارەیەک لەو شاعیرانە کەسێکی نەناسراوە و دیوانی شێعرەکانی نەماوە یا دەبێ هەمان باباتاهیری هەمەدانی بێت کە لێرەش بە شاعیرێکی لەک ئەژمێردراوە. دیارە کە باباتاهیر لە کەلام و دەورەی یارسانەکان دەیان جار ناوی دووپات بووەتەوە. سیاهپۆشی کرمانجی (١٢٠٣ کۆچی) هەم لە شێعری (سیف¬الملوک) باسی کردووە:

کرمە حوببا زەمهەریرێ		کانێ مەلایێ جزیرێ
کا خانی شێخی بەشەرێ		بابا تاهیر و عەلیێ حەریرێ

(ئیگرات، ١٩٩٩: ٤٥)

دووهەم ئەوەی کە شاعیرێک لە ناوجەرگەی لوڕستان واتە ئەلشتەر، باسی ئەو شاعیرانە و لەک¬بوونیان دەکات. سێهەم پاشناوی شاعیرەکان (میرنەورووز لوڕ، تورکە[میر]، نەجەف کەڵهوڕ، زەیدعەلی جاف، شاکە و خان مەنسووری [ئەیوانی]).

ئەو شاعیرانە تا لە ژیاندا بوون، لووتیان نەگرتووە لە کوردبوونی خۆیان. بۆ نموونە تورکەمیر ئازادبەخت (مردن: ١٢٣٦ کۆچی) کە لە تیرەی ئازاوەخشی کۆیەشت بووە و لە ئاوایی قومش (شارستانی دڵفان - لوڕستان) ژیاوە و مەزاری لەوێیە. [هەروەها بەشێ لە خەڵکی ئاوایی مووسابادی لای نەهاوەند خۆیان بە وەچەی ئەو شاعیرە دەزانن]. هاوڕێی نزیکی مەلا نەجەفی کەڵهوڕ بووە و شێعرگۆڕینەوەیان بووە. لە موناجات¬نامەکەی (لامەکان یانە) ئاوا باسی کوردبوونی خۆی دەکا:

ترکەمیر نە ترک نە عەرەو لەفزم کورد کەم¬سەواد حافزولحفزم
(ساڵحی، ١٣٨٠: ٦٥-٧٢)

حاجی مەلا حەسەن شیرازی (بسمل) کە ماوەیەک دانیشتووی کرماشان بووە لە هەجوێکی مەلا نەجەفی کەڵهوڕدا هەندێ زانیاری ئەداتە دەستمانەوە. لە شێعرەکەی بەڕاشکاوی قامکی ناوەتە سەر ئەوە مەلا نەجەف شاعیرێکی کوردە سەر بە تیرەی [لەکی] سالاوەندی هۆزی زەند. [مەزاری مەلا نەجەف لە ئاوایی چەمکاو سەر بە ناوچەی تەریان – کوویەشتی لوڕستانە.]

ز نوشیدن ترخ و ترخینه دوغ — گرفته چنان کار کُردان فروغ...
که سعدی سخنی گرچه دُر سفته است — چه باکی یکی شعرکی گفته است
نظامی که نظمش پسندیده است — ز ملا نجف شعر دزدیده است...
چه ملا نجف مثل او هیچ کس — نگفته همنشین به تعریف بس...
چه ملا نجف کُرد سالاروند — معاصر به تنبان پشتنبان زَند

دەستنووسی (ژمارە بازیابی ٣٢٢٣: ٣٠٧٤٨-IR١٠- دیوان اطعمه حاج ملا حسن بسمل- ئەرشیڤی کتێبخانەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی - نووسراو لە: ١٢٤٥ کۆچی)

غوڵامی مامۆستای زانکۆی گوتە (فڕانکفۆرت) لە توێژینەوەیەکی بەربڵاوی لەسەر پێناسەی زمانیی شێعرەکانی باباتاهیر و ئاخاوتنی کۆنی شاری هەمەدان پاش تاوتوێ کردنی چەند زمان و شێوەزار وەکوو تاتی، لوڕی، لەکی و کەرەجی (ڕاژی) لە قۆناغی کۆتاییدا لەکی و زمانی کۆنی هەمەدانی بەراورد کردووە. ئینجا تەتەڵەی کۆتایی بە لای هەمەدانی کۆندا داوەتەوە. (غولامی، ١٣٩٩: ٤٦-٧٨) ئەو بەڕێزە بەشێک لەو بەراوردانەی کە لە نێوان لەکی و زمانی کۆنی هەمەداندا (= جوولەکەکان) کردووە بە نەشارەزایی لە هاوبەشی لەکی و هەورامی بووە. هەروەها بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی کە شێعرەکانی باباتاهیر هەمان زمانی هەمەدانی کۆنە (زمانی بنەماڵە جووەکانی ئەو شارە)، گەشتێکی کردووە بۆ هەمەدان. لەو شارە ئەوکاتە تەنیا ٣ بنەماڵە (٩ کەس) جوولەکەی لێ بووە. لەو ژمارە تەنیا یەک کەس لە هەمەدان و یەک لە تاران ئەو زمانەی زانیوە. (سەرچاوەی پێشوو: ٦٩) ئەمە بۆخۆی تا ڕادەیەک لاوازی ئەنجامی توێژینەوەکەی دەرئەخات. هەروەها خاڵێکی دیکە ئەوەیە ئەو زمانەی بە ناوی زمانی کۆنی هەمەدان یا جووەکانی ئەو شارە دایناوە، لە مێژوودا ئاماژەیەکی پێ نەکراوە کە زمانێکی جیاوازە لە پەهلەوی ڕاژی یا لەکی و لوڕی یا ئیستاکە لە شوێنێ ئاخێوەرێکی وای نییە کە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی غولامی، توێژەران سەردانی بکەن. دەبێ هەر بنزاراوەی لە زمانی ڕاژی یا کوردی لەکی بێت.

بەهاری ١٣٩٥ گەشتێکی لای هەمەدانم کرد و چوومە سەر مەزاری باباتاهیر. وەک هەمیشە جیا لە زیارەت و سەیرکردنی گۆمبەز و گۆڕی ئەو شاعیرە، بۆ توێشەی گەشتەکە لای ئەو شوێنەوارە لەگەڵ چەند بەساڵاچوویەکی هەمەدانی وتووێژێکی خۆمانەم کرد. وەک دەزانن شێوەزاری فارسی هەمەدانی جیاوازە لە شێوەی فارسیی تارانی. هەندێ بە لای شێوەی دەریدا دەڕواتەوە. یەکێک لەو بەساڵاچووانە ئاماژەی بەوە کرد «زوو ئاخاوتنی خەڵکی هەمەدان فارسی ئەورۆکە نەبووە. کاتێ دەمارگرژی ئایینی لەو شارە دەست پێ دەکا، بەرەبەرە ئاخاوتنی موسڵمانەکان دەبێتە زمانی فارسی مەکتەبخانە و حوجرەکان. ئیتر بەو

جۆرە زوانە هەمەدانیەکە تەنیا لای جووەکان دەمێنێتەوە». یەکێ¬تریان لەکی نەهاوەند بوو، وتی: «لە باپیرم بیستووە کاتێ دەچووینە بازاڕی هەمەدان، ئێمە بە لەکی قسەمان دەکرد و فارسیمان نەدەزانی. جا کاتێ دەچووینە گوزەری عەتاریەکان کە زۆربەیان جوولەکە بوون، لە ئاخاوتنی ئەوان چاکتر تێ دەگەیشتین. یا جاری وابوو خەڵکی خۆجێیی هەمەدان تەشەریان لە خەڵکی نەهاوەند و ئەسەداباد داوە، زمانی ئێوە وەکی جووەکان دەچێ».

کتێبی (نگرشی به گویش چاپارەهای باباطاهر) زۆر بەچڕی بەراوردی هەڵسەنگاندنی ڕێزمان و وشەناسی شێعرەکانی باباتاهیر و زمانی کۆنی هەمەدانی کردووە. لە ئەنجامدا نووسیویە تەنیا زمانێک کە زۆرترین وشەی لە شێعرەکانی باباتاهیردا هەیە، لەکییە. (عەلیڕەزایی، ١٣٩٦: ٣٣)

دکتۆر ئارمان حوسەینی¬ئاب¬باریکە یەکێ لە توێژەرانی بواری ساغکردنەوەی دەستنووسی شاعیرانی کۆنی کوردەواری و کەسێکی خاوەن بەرهەم لەو بوارە، هەتا ئیستە چەند وتاری سەبارەت بە ژیان و بەسەرهات و ڕێبازی باباتاهیر و فەهلەویاتەکەی نووسیوە و لە گۆڤارە زانکۆییەکانی ئێران چاپی کردووە. لە وتارێکی ورد چووەتە ناو زمانی شێعرەکانی باباتاهیر و بەراوردی کردووە لەگەڵ شانامەی کوردی و شاعیرانی دیکەی ناوچەکانی لەک و هەورامان و کەڵهوڕ و ئەردەڵان. لە ئەنجامدا زمانی شێعری باباتاهیری بە لەکی داناوە. هەروەها باسی ئەوەی کردووە پاڵپشت بە دەستنووسە کۆنەکان کاریگەری گۆرانی (هەورامی) هەم لەسەر شێعرەکانی هەیە. (حوسەینی ئاب¬باریکە، ١٣٩١: ٢٤-٣٣) ئەمەی خوارەوە لە وتاری بەردەست سەرجەم بەشی (بررسی واژگان کردی در برخی سرودەهای باباطاهر) لە وتاری ئەو بەڕێزە وەرگیراوە:

١) کردارەکانی گۆرانی (فعل گۆرانی¬-¬هەورامی) لە شێعری باباتاهیر

وەک لە کەشکۆڵی «سفینه تبریز»دا هاتووە ئەورامەنان هەمان فەهلەویاتی دووبەیتیە. کەواتە ڕەگی هەورامی¬بوون لە دووبەیتیەکانی باباتاهیر دانابڕدرێت. زۆربەی کردارەکانی ناو شێعرەکانی بە جۆرێک پێوەندییان لەگەڵ هەورامیدا هەیە. بۆ نموونە «کەردەن، شیین، واتەن، دیین، زانستەن»

کەردەن: «بە پەرچینەش کەری وانەوشە و ول، گەر ئەو ڕوونەش کەری ئاواج بوڵبوڵ، بە تەنهایی کەرم نەچیرەوانی، بە نام من کەرەند نەچیرەوانی، [داڵێ جە ئەڵوەند کووهان کەرد پەرواز، بە مەن هەر ئان کەرەند هەر وەد کە مەن کەرد] »

ئەمانە دیارە لە کۆنترین نوسخە (دەستنووسی قۆنیە) هاتووە و بۆ ساغکردنەوەی دیوانی باباتاهیر دەبێ لەمەودوا بەو پێیە ئەو کردارانە دابڕێژرێنەوە.

شیین [= چین، چوون، ڕین، ڕۆین، ڕۆیشتن]: «سەرەنجامان بشی بە پا بە هەر زی، بِشِم بە ئەڵوەند دامان مێو نشانم، [بشە نەچیرەوان دەستەت وەچا دەست، بشم واشم ئەز ئین عالەم بە دەر شیم، ئەگەر دووری وەشە تا دوورتەر شیم]»

[1] لەم بەشەی (بررسی واژگان کردی در برخی سرودەهای باباطاهر) خستوومەتە ناو []، ئەوانە زیادکراوی خۆمە.

واتەن [وتن]: ڕەنگدانەوەی ئەم کرداوە و ڕەگەکانی لە شێعرەکانی باباتاهیردا زۆرە. ڕەگی (مضارع)ی دەبێتە «واچ» و ڕەگی ڕابردووی «وات»
«نەمیدانەم کە ڕازم وا کە واژم، چە واژم هەر کە زوونە بنگەرە فاش، واتم ئاڵاڵیا کەی چینمت بار [بە مە واجی کە سەرگەردان چرایە]»
بەشێک لە نوسخە تازەکانی شێعری باباتاهیر بە جێی «واتم»، «واتش» و «واچەن» گۆڕدراون بە «گفتم» «گفتا» و «گویند». کەواتە دەبێ ئەوانەش بۆ ساغکردنەوەی دیوانەکەی دابڕێژرێنەوە.
دیین [= وینین، بینین]: لە هەورامیدا ئەم کردارە ڕەگی ڕابردووەکەی دەبێتە «دی» و ڕەگی (مضارع)ی «وین».
«زارەجم دی ودای موورج ئەدخوەرد، یا کِم دوڕ دی دریە نەبود یار، یا کِم دید گەهان نەبود یار، بە سەحرا بنگەرم سەحرا تە وینم، بمیرم تا تە چەشم تەڕ نەوینی، هەمیدانەم [هەمیزانەم] کە ناڵانەم شەو و ڕووج»
زانستن [= زانین]: ئەم کردارە لە لەکی و کەڵهوڕیش هەیە. یەکێ لەو کردارەیش لەو شێعرانە زۆر دووپات بووەتەوە. لە هەندێ دەستنووس گۆڕدراون بە ڕەگی کرداری فارسی «دان».
ئەڵبەت لەو دەستکاری کردنەی شێعرەکان جاری وایە ڕەگی «زانستن» هەم بێ هیچ بارێکی زمانەوانی گۆڕدراوە بە «زوون». کە ئەمیش هەڵەیە و بۆ نموونە «نەزوونم/ نەزوونوم» دەبێ بکرێتە «نەزانم». جا پێویستە لە ساغکردنەوەی دیوانەکەدا ئەمیش دابڕێژرێتەوە سەر کرداری «زانستن».
«تە کە سوود و زیان خوەد نەزانی، [نەزوونم دڵ کەهە دڵبەر کەرroomە، ئەرجێ دیداری تە دووران چە زانەند]»
[**سۆچین**، سۆتیان، سووتیان، سووزیان، سزیان: ئەمیش یەکێ لەو کردارانەیە لە شێعرەکانی باباتاهیردا دووپات بووەتەوە.
«ئەگەر جسمەم بسووجێ سووتە خواهەم، سەرێ سووچێ سەرێ خوناوە ڕێژێ، کە یەک سەر سوتە بی یەک سەر بەرمست، بوورێ سووتەدڵان گرد هەم ئاییم، مە ئان سووتەدڵ بی پا سەرستم»].

بی: [بوون] کرداری پێوەندی «بی» لە هەورامی و لەکیدا هەیە. لە کەلهوڕی بە «بی» و «بُی: BÜ» [و سۆرانی و کرمانجی بە «بوو» بێژە دەکرێ.]
«نە خانم بی نە مانم بی نە لەنگەر، گونەە چەشمان کەرۆ دڵ موبتەڵا بی»
[بەشێک لە دەستووسەکان ئەو کردارەیان بە «بُد» و «بود» گۆڕیوە بەرەو فارسی.]

٢) کردارەکانی لەکی لە شێعری باباتاهیر

وەک باسمان کرد بەپێی (لحن اورامن) کە قەیس ڕازی باسی کردووە ئەو شێوەزارە هەتا ئیستەش لە ناوچەی هەوراماندا هەیە. لەحنی ئەورامەن لەناو باقی هۆز و ناوچەکانی کوردەواریدا بۆ زمانی شێعر و نووسین (سەبکی ئەدەبی شێعر) باوی بووە و بە «گۆرانی» ناسراو بووە، واتا تێکەڵە هەورامی و شێوەزاری دیکەی کوردی. نموونەی دەیان کەلام و دیوانی شێعرە کە ئیستە بۆ ئێمە بەجێ ماوە.

تایبەتمەندی گۆرانی ئەوەیە بەپێی ناوچەکە کاریگەری لە شێوەزاری بێژەری کەلام یا شێعرەکە وەرگرتووە [و بووەتە ئامێتەی لە لەکی¬--گۆرانی، کەڵهوڕی¬--¬گۆرانی، لوڕی¬--¬گۆرانی و سۆرانی¬--¬گۆرانی. بڕوانە لە: کەلامەکانی شاخوەشین، فاتمەلەڕە، باواناوس سەرگەتی و باواسەرهەنگی دەودانی یا شێعرەکانی مەلا پەرێشانی دینەوەری، بێسارانی، یۆسف یاسکە، سەیدی هەورامی، خانای قوبادی و مەولەوی و ... بە هەمان شێوە زمانی شێعری باباتاهیری هەمەدانی بە ئامێتەی لە هەورامی¬--¬لەکی¬ ئەژمار دەکرێ. بۆیە هەندێ کرداری لەکی و هەورامی زۆر بەکارهاتوو لەو شێعرانە وەکوو «بووریێ، دیرم، داروم، سۆچین، کەردەن، زانستن، کەتم، دین، وینین، شین، بەرشیەن و واتەن» زمانی ئاخاوتنی ئەو شاعیرە دەبێتە کوردی گۆرانی.]

بووریێ [= بێ، بەو، باو، وەرە]: کرداری ئەمری بووریێ ئیستا لە لەکی [و هەورامی ناوچەی لهۆندا]دا ماوە. لە دووبەیتیەکانی باباتاهیردا زۆر هاتووە.

«بووریێ بووریێ کە جانانم تویی تو، بووریێ یەک دەم بنالیم و بسووجیم».

لە دیوانە چاپکراوەکان ئەم وشەیە بە هەڵە نووسراوە: «بورە». دەبێ لە ساغکردنەوەی دیوانەکەی بکرێتەوە بە «بووریێ».

دیرم: داروم. ئەم وشەیە لە گۆرانی بە «داروم» و لەکی و کەڵهوڕی بە «دیرم» هاتووە. ئەوەی لە هەندێ دەستنووس «دیرۆم» نووسراوە، هیچ بەڵگەی نییە و لە زمان و شێوەزاری بەرچاو ناکەوێ. کەواتە «دیرۆم» تەواو هەڵەیە.

«هەزاران غەم بە دڵ ئەندووتە دیرم، غەمی دیرم کە هەرگز کەم نەمیبوو، جورمەم ئینە کە ئەز تە دووست داروم.»

لە سەرەوە باسی شێعرێکی پێش ساڵی ٩٨٢ کۆچی کرا کە شاعیر ئەم ڕستەیە بە کوردی داناوە «گە بە کُردی گویدم بوری هنی ورنا بوَر». کەواتە گومان لە کوردبوونی وشەی «بووریێ» باباتاهیردا نامێنێتەوە.

٣) گۆڕانی «ان» بە «وون» و «ام» بە «ووم»:

بەپێی نوسخەی قۆنیە و شێوەزاری لەکی کە زمانی ئاخاوتنی باباتاهیر بووە، گۆڕانی «ان» بە «وون» و «ام» بە «ووم» هەڵەیە. واتا: هەمەدانی/ هەمەدوونی، نەچیرەوانی/ نەچیرەوونی، نام/ نوم، ئاسمان/ ئاسموون، نشان/ نشوون، سامان/ ساموون، خەندان/ خەندوون.

٤) گۆڕانی «مە» بە «مو»:
ئەم گۆڕانکارییە دیارە بەهۆی بێژەوە دروست بووە و لە دەستنووسە تازەکاندا هاتووەتە ئاراوە. لە شێوەزاری لەکی و کەڵهوڕی جێناوی یەکەم کەس بە «مە» بێژە دەکرێ و خوێندنەوەی بە «مو» هەڵەیە.
[«مە کە سەر ئەژ بیابانم شەو و ڕووج/ مو کە سر در بیابونم شو و روز، بە مە واچی کە سەرگەردان چراێی/ بمو واجی کە سرگردان چرائی، بوی دەرد مە و دەرمانم ئەژ دووست/ بود درد مو و درمونم از دوست».]
٥) گۆڕانی «ئەژ» و «ئەج» بە «ئەز/ ز»:
بە نوسخەکەی قۆنیە شێوەی ڕەسەنی وشەکە «ئەژ» دروستە. ئەگەر لە شێعردا پێویست بە کورتکردنەوەی بوو، دەبێتە «ژِ» و «جِ». کە ئەمیش دیسان لەو نوسخەیە هاتووە.
«گەر ئەژ ئەو نهی دیوانە ئەژ گڵ، دامەن ئەژ دوو گێتی ها وەشانم، داڵِ ج/جە ئەڵوەند کووهان کەرد پەرواز».
٦) گۆڕانی «واوی نەبزوێن¬-نیوبزوێن/ و» بە «واوی کورت/ ـو»:
لە فارسی دەری [هاوشێوەی کوردی ئیستە] واوی سادەی کورت بووە، وەکوو: خوەرشید و خوەر. لە دەستنووسی قۆنیە نموونەی «خوەرد/ خوَرد» هەیە.
«زارەجش کوشت و مووران زارەج ئەدخوەرد، [خوەشا ئانان کە ئەژ پا سەر نەزانن/ خوشا آنون کە از پا سر نذونند، خوەشا ئانەنا کە هەر شامان تە وینەن/ خوشا آنان کە هر شامان تَە وینند]» یا لەم شێعرەی تەبریزی کرندی: «شاخوەشین خوەشنام قەدەم-ڕەنجە کەرد   تەشریف وە یانەی باباتاهر بەرد».
٧) گۆڕانی «ڵ» بە «ل»:
لە شێوەزارەکانی کوردی [جگە لە زۆرینەی کرمانجەکان] پیتی «ڵ» لەسەر زاران باوە و هەیە. دەستکاری وا هەڵەیە و واتا دەگۆڕێت. وەکوو: کەڵ/ بزنی نێری، کەل/ نوقستان و دەستکاریکراو [یا ملەی کێو، گوڵ/ گُل و گول/ جُزام]. کەواتە دەبێ وشەیەک وەکوو «بنالم» لە شێعری باباتاهیر بکرێتە «بناڵەم».
٨) گۆڕانی «اُی: ۆ» بە «وو»:
لەکی و کەڵهوڕی ئەم تایبەتمەندییە زمانیەی تێدا ماوە و وشەکانی «دوور» و «موو» بە «مۆ» و «دۆر» بێژە دەکات، بەڵام ئەمە لە لوڕی و مازەنی بە شێوەی «دیر» و «می» بەکار دەچێ.
«نشانم تۆلە و مویم بە زاری، یا لەم شێعرە فەهلەویەی گۆرانیەی کە ئەنجەوی شێرازی هێناویەتی: چەن پادشاهان شاسەڤی نەسەب   ژە لام ویەردەن چۆین یوز و ئەدەب.»

٩) گۆڕانی «ێ: ژێره» به «ی»: [زووتر له فارسی دەری هەم بزوێنی «ێ» بووه و ئیسته نەماوه.] هەر بۆیه وشەکانی «سیر» و «دیر» به «سێر/ واته: تێر» و «دێر» بێژه کراوه. [ئەم تایبەتمەندییه له شێوەزارەکانی کوردی وەکوو لەکی و هەورامی ماوه و نەگۆڕاوه.] جا بۆیه ئەو گۆڕان و دەستکارییه له شێعرەکانی باباتاهیر هەڵەیەکی زەقه.

«ناگەهان بامەدەند بازێ وه دارێ، داڵێ جه ئەڵوەند کووهان کەرد پەرواز».

١٠) گۆڕانی «ته» به «تو/ تۆ»: ئەمەش دیسان هاوشێوەی «مه» به «مو» دەستکارییەکی ڕێزمانی دیکەیه. له کەڵهوڕیدا بەڕاشکاوی هەتا ئەوڕۆ «تو» به «ته» بێژه دەکرێ و نەسواوه.

«من ئەژ ئان ڕو به دامان ته زەد دەست، [ته زانی حاجەتم ڕا مووچه واچم/ تو دونی حاجتم را موچه واچم، نه ته دیرم نه جایم مەکەرۆ دەرد/ نه تو دیرم نه جایوم میکرو درد، کەس بێکەس تەیی مه مانده بێکەس/ کس بی‌کس تویی مو مانده بی‌کس، بوورێ بوورێ که سوڵتانم تەیی ته/ بوره بوره که سلطانم تویی، تو، کەمەند عەنبەرین تا ته وینم/ کمند عنبرین تار تو وینم].»

جیا لەو خاڵانەی بەڕێز دکتۆر حوسەینی ئاب-باریکه باسی کردووه، گەلێ وشەی شێوەزارەکانی کوردی لەو شێعرانه بەڕاشکاوی دەبینرێن که دەکرێ ئەوانیش بخرێنه بەرچاو که زیاتر کوردبوونی باباتاهیرمان بۆ بسەلمێندرێت:

- **«آز/ ئەز»** له نوسخەی قۆنیه بەواتای «من - ئەمن» سێ جار دووپات بووەتەوه، هەروەها «آز» و «آژ» به ڕێنووسی جیا هاتوون. ئەمه دەرخەری ئەوەیه که زمانی ئەو شێعرانه ئەو دوو وشەیه به جیا داناوه هەم له خوێندنەوه و هەم نووسین. بەداخەوه له دیوانەکانی چاپکراوی باباتاهیردا هەتا ئەو شوێنەی کراوه «ئەژ» بەواتای «له» کراوه به «ئەز». باباتاهیر هەر له نموونەی ئەو دەستنووسەی قۆنیه «مەن/ مِن: واتا ئەمن» هەم هاتووه. واتا «ئەز» و «مِن» هەر دوو باو بووه.

«ئەز ئان ئەسبیده بازم هەمەدانی، یا ئەز ئین بەند دەر ئیزناوه کەتم، خوونم ئەز خوەر و دەر خووناوه کەتم». نموونەی ئەم «ئەز»ی باباتاهیره له دیوانی شاعیرانی کۆنی کورددا هەیه:

ئەزەو بازام ئەزەو بازام ئەزەو باز	که گرد لامەکانم کەرد پەرواز...
ئەز به پەنهان مەبەروون ئەو خەزینه	ساقیش کەردەنان ئەورامەی سینه

(جەشنی نەهاوەندی، مردن: ٧٣٨ کۆچی. بڕوانه: جەباری، ٢٠٢٤: ١٥٦-١٥٧)

ئەز فەقیر و بێنەوا هەم تۆ جەلیل و ئەکبەری	پەی جەمیع ئوممەتانت شافیعی ڕۆی مەحشەری...
ئەز شەهابی ڕەنگ زەردم تۆ حەکیمی حاڵزان	ئەز فەقیر دەردمەندم داروویه دەردم نەمان

(شێخ شەهابی کاکۆزەکریایی، ١٠٠٣-١٠٧٢ کۆچی. بڕوانه: مورادی، ١٣٩٧: ١٥٧-١٥٨)

ئەز ئورۆمۆن مەکانم بێ وەڵاتم	سەروپری خوای گێرتەن خەڵاتم...
ئەز ئاشق بێنێ گێرەم یاوو ئەشکێ	گرینێو سۆچێنم من یاوو ئەشکێ...
ئەزو خەم پێوه گرتەنما برایی	نه خەم چێمەنه من چادیم جیایی

(سەیدی هەورامی، ١١٩٩-١٢٦٥ کۆچی. بڕوانه: کاردۆخی، ١٣٨٥: ٢٠-٢٧)

- لە نوسخەی قۆنیە لە چیرۆکی کەو و مێلوورە و داڵەکە وشەی «زارەج» هاتووە. ئەگەر جێگۆڕکێ پیتەکانی «ژ»، «ج» و «ز» لەبەرچاو بگرین ئەو وشەیە لە ئەسڵدا «ژارەژ/ ژەرەژ» واتا کەو بووە. بۆ سەلماندنی ئەمە سەیری شێعرەکەی نوسخەی «جامع الالحان» کە «ئەنداجە»ی هێناوە. لە نوسخەکەی قۆنیە بووەتە «ئەنداژە».
- لە نوسخەکەی قۆنیە دوو جار «بە پەرچینەش کەری وانەوشە و ول، بی کە بوڵبوڵ هەنی وا ول نشانم» و لە نوسخەکەی کتێبخانەی ڤاتیکان یەک جار «خوەش خودایی کە ڕەنگی با ولان دا» وشەی «ول» لەگەڵ نێرگس و وەنەوشە و بولبولدا هاتووە. لە بەشێکی کوردەواری وەکوو هەورامان و ئەردەڵان هێشتا وشەی «ول» بۆ جۆرەکانی گوڵی شیلان (ولەزەردە، ولەتووتی، وڵەگوڵاوی، ولەچەرموو، ولەسەگانە و ولەتسنە) بەکار دەچێ. (خزری، ١٣٩٠: ٢٩٦ و مورادی، ١٣٩٤: ٢٩٣ و مەردۆخ ڕۆحانی، ١٣٩٧: ٢٨٦١-٢٨٦٢) هەروەها وەک شوێنەناو ماوەتەوە: «ول: ئاواییەکی بەرپلەی ساراڵ - مەریوان»، «ولەژێر: ئاواییەکی دەشتی مەریوان»، «دۆڵ ولەکان: دۆڵێکە لە ئاوایی گەنمان - سنە»، «ولانی: شاخێکە لە نزیک شاری ڕەوانسەر. وێدەچێ ولەهانی واتە: کانی ول بێ» و شاری «دێولان».
- لە نەسخەکەی قۆنیە کرداری «شاندن» چوار جار و لە چاپکراوی دەستگردی (١٣٤٧) یەک جار «میان تختۀ نردم نشاندی» دووپات بووەتەوە. دیارە ئەم کردارە ئیستە لە فارسی دەری و کۆن بە شێوەی (نشاندن)، هەورامی (نا)، سۆرانی و کرمانجیدا بە «ناشتن»، کوردی لای سنە (نیان - دانیان) و لە کەڵهوڕی و لەکی بە «نان» ماوەتەوە.

بەشۆم بە ئەڵوەند دامانی مەو نیشانم — دامەن ئەژ هەر دوو گێتی ها ویشانم
نیشانم تووله و موویەم بە زاری — بی کە بلبل هەنی وا ول نیشانم

- کۆمەڵێ وشەی باو کە هێشتا لە شێوەزارەکانی کوردی ماوە و لە نوسخەی قۆنیە هاتووە: گەر، ئەژ، زەڕ، گڵ، پەرچین، وانەوشە، دار، ئان، ئەو، بولبول، سەرەنجام، پا، گوور، دەست، دوو، خودا، دەرد، باز، داڵ، جە، کوشت، پاک، نەچیرەوان، کار، نام، دەریە، یار، خوەر، گهان، دامان، گەردوون، پەڕ، میهر، دەم، خوێش، بێگانە، ئینە، کە، پیر، قەلەندەر، لەنگەر، گێتی، سەر، بەند، خووناوە، شووم، بێ-بار، کەتم، پەنج، خەندان، زەمین، ئاسمان، ئەلف، نوون، گەردان، ئەنداژە، مێو، تووله، تەنها.
- بەدڵنیاییەوە ئەگەر دەستنووسە ڕەسەنەکانی دیکەی شێعری باباتاهیر تاوتوێ بکرێت، زیاتر پەی بە بەرگ و ناوەرۆکی کوردیبوونی دەبەین.

بەرەو دیوانێکی پاڵفتە و ڕەسەنی بابا تاهیر

یەکەم جار (Huart, Cl.: ۱۸۸۵) دیوانۆچکەیەکی باباتاهیری لە ٥٩ دووبەیتی و بە وەرگێڕانی فەڕانسەوی چاپ کردووە. دیسانەوە هوارت ۱۹۰۸، سەرەڕای ئەوەی پێشوو ۲۸ دووبەیتی¬تر و غەزەلێکی بڵاو کردووەتەوە. هەروەها ئالن ساڵی ۱۹۰۲ پاڵپشت بەو ٥٩ دووبەیتیەی هوارت و دەستنووسێکی ئەرشیڤی خۆی، لەگەڵ وەرگێڕانی بە ئینگلیسی لە لەندەن دیوانەکەی چاپ کردووە. (مەقسوود، ١٣٥٤: ٩٧-٩٨) ساڵی ١٣٠٦ هەتاوی حەسەن وەحید دەستگردی ئەسفەهانی (بەرپرسی گۆڤاری ئەرمەغان) لە ٢٩٦ دووبەیتی و ٤ غەزەل لە تاران دیوانەکەی چاپ کرد. لەو ژمارەیە ٦٠ دووبەیتی پرژوبڵاو لە کەشکۆڵ و دەستنووسەکان و ٣ غەزەل هەم لە (هرون ئالن) وەرگرتووە و لەسەری داناوە. باقیەکەی لە ڕووی دەستنووسی عبرەت نائینی (١٢٨٣-١٣٢١ هەتاوی) نووسیوە کە ئەویش لە ڕووی دەستنووسێکی نەناسراو بە ناوی (سەردار مۆئەید مەراغەیی) وەریگرتووە. وەک دیارە دەستگردی بۆ ئەوەی دەربڕینی وشەکان و ئاخاوتنی بە زمانی فەرمی و فارسییەوە نزیک بکاتەوە، دەستکاری شێعرەکانی باباتاهیری کردووە. بۆ نموونە جیاوازی نێوان چەند چوارینە لە خوارەوە کە لای هرون ئالن بووە و دەستگردی وەریگرتووە، لە دیوانەکەی بە دەستکارییەوە دایناوە:

دەستگردی: هرون ئالن:

اگر دل دلبرو دلبر کدام است	اگر دل دلبره دلبر چه نومه
وگر دلبر دل و دل را چه نام است	وگر دلبر دل دل از چه نومه
دل و دلبر بهم آمیته وینم	دل و دلبر بهم آمیته دیرم
ندونم دل که و دلبر کدام است	ندونم دل کهه دلبر کرومه

(غولامی، ١٣٩٩: ٥٤-٥٥)

خوشا آنان که هر شامان ته وینند	خرم آنان که هر زامان ته وینن
سخن وا ته کرن وا ته نشینند	سخون وا ته کرن وا ته نشینن
گرم دسرس نبی آیم ته وینم	گرم پاپی نه بی کآیم ته وینم
بشم آنان بوینم که ته وینند	بشم آنون بوینم که ته وینن

(غولامی، ١٣٩٩: ٥٦)

مو که سر در بیابونم شو و روز	مو که سر در بیابونوم شو و روز
سرشک از دیده بارونم شو و روز	سرشک از دیده بارانوم شو و روز
نه تب دیرم نه جایم می¬کند درد	نه تو دیرم نه جایوم میکرو درد
همی¬دونم که نالونم شو و روز	همی¬ذونم که نالونوم شو و روز

(غولامی، ١٣٩٩: ٥٧)

هزارت دل بغارت برته ویشه	هزارت دل بغارت برده ویشه
هزارانت جگر خون کرته ویشه	هزارانت جگر خون کرده ویشه
هزاران داغ ویش از ویشم اشمر	هزاران داغ ویش از ویشم اشمرت
هنی نشمرته از اشمرته ویشه	هنی نشمرته از اشمرته ویشه

(سەرچاوەی پێشوو: ٥٧)

مسلسل گیسوان پرتاب مکره پریشان سنبلان پرتاو مکه
خمارین نرگسان پرخواب مکره خمارین نرگسان خوناو مکه
همی خواهی که مهر از مو ببری وریئی ته که مهر از ما وریئی
برینه روزگار اشتاب مکره ورینه روزگار اشتاو مکه
(غولامی، ۱۳۹۹: ۵۸)
مسلسل زلف بر رو ریته دیری مسلسل زلف بر رو ریته دیری
گل و سنبل بهم آمیته دیری گل و سنبل بهم آمیته دیری
پریشان چون کری آن تار زلفان پریشان چون کری اون تار زلفون
بهر تاری دلی آویته دیری بهر تاری آویته دیری
(سەرچاوەی پێشوو: ۵۸)
ته که نازنده بالا دلربائی ته کت نازنده چشمون سرمه سایه
ته که بی سرمه چشمان سرمەسائی ته کت بالنده بالا دلربایه
ته که مشکین دو گیسو در قفائی ته کت مشکینه گیسو در قفایه
بمو واجی که سرگردان چرائی ابی واجی که سرگردون چرایه
(غولامی، ۱۳۹۹: ۵۹)
اگر آئی بجانت وا نوازم اگر آیی بجانت وا نواژم
وگر نائی ز هجرانت گدازم وگر نآیی ز هجرانت گداژم
بیا دردی که داری بر دلم نه هر اون دردی که داری بر دلم نه
بمیرم یا بسوزم یا بسازم بمیرم یا بسوجم یا بساژم
(سەرچاوەی پێشوو: ۵۹)

دیوانەکەی باباتاهیر دەبێ جیا لە پاڵاوتنی شاعیری شێعرەکان، بخرێتە سەر فۆرمی زمانی ڕەسەن واتا (هەورامی¬-لەکی). واتا ئەوەی پاڵپشت بە بەڵگە و سەرچاوە مێژووییەکان پێی گەیشتین، زمانی شێعر و ئاخاوتنی باباتاهیر لەسەر کوردیەکی ئامێتە (هەورامی¬-لەکی) بووە. هەروەها سەرنجی ئەوەیش بدرێت کە بەشێ لەو شێعرانەی دراونەتە پاڵ باباتاهیرەوە یا تەواو فۆلکلۆرین و مافیان بەو شاعیرەوە نیە یا ئەوەی دەقە ڕەسەنەکە خراوەتە سەر فۆرمی شێعری فۆلکلۆری. دکتۆر خەزنەدار لە بەرهەمە دانسقەکەی ئاماژەی بەم خاڵە کردووە و نموونەیەکی لەو شێعرە فۆلکلۆریە هێناوەتەوە:
کی گوتی ک نینە ل دنیادا راز ئەڤ ک من شەیدایی تایەرم ئەو راز نینە
(خەزنەدار، ۲۰۰۰: ۱/۱۸۷)

یا دەیشکرێ شێعری بابا تاهیر بن و تەنیا سەرچاوەیان یادگەی خەڵک بێ. ئەمەیان دیارە بەپێی ئاخاوتنی بێژەر یا گێڕەوە گۆڕاوە، بۆ نموونە (شێوەزاری لەکی):

مِ دەوریشم لەکم ئعجاز دیرم   مِ دووسی چوی خوشین دەمساز دیرم
مِ معشوقی وە نام فاتمە لەڕ[لوڕ]   سنەوبەر قامەت و پڕ ناز دیرم

(عەسگەری عالەم، ١٣٨٢: ١١٤ و حەکیم، ٢٠٠٤: ١٦٠)

یا ئەم شێعرانەی خوارەوە کە هی شاعیرانی دیکەیە و خزاونەتە ناو دیوانی بابا تاهیر یا ئەوەیەکە گومانیان لەسەرە کە هی ئەو شاعیرە بن:

مو را نە فکر سودایی نە سودی   نە در دل فکر بهبودی نە بودی
نخواهم جوکنار و چشمەساران   کە هر چشمم زندەرودی

(خانلەری، ١٣٦٩: ١٩٨)

صفاهونم صفاهونم چە جا بی   کە هر یاری گرفتم بی-وفا بی
شوم یکسر برونم تا بە شیراز   کە در هر منزلم صد آشنا بی

(خانلەری، ١٣٦٩: ٦٢)

خانلەری ڕای وایە ئەمانە هی بابا تاهیر نین و هی شاعیرێکی لای ئەسفەهانە. دیارە ئەویش لە ڕووی وشەکانی (زندەرود: زایندەڕوود) و (صفهان: ئەسفەهان) بەوە گەیشتووە. یا لەوانەیە هی پوورفەرێدوون بێت کە باسی شیرازی تێدایە.

ببخشا گر نە گیتی را بسوزم   جهان را جملە سرتاپا بسوزم
اگر در نیم شب آهی برآرم   دماغ چرخ پرسودا بسوزم
بسوزوم عالم از کارم نسازی   چە فرمایی بسازی یا بسوزم

(زیا، ١٣٩٤: ٢٥٧-٢٥٨)

ئەمە پاڵپشت بە کەشکۆڵی (سفینە شاعران قدیم، لاپەڕە ٤٤٠) هی مهذب ئەسفەهانییە.

بە آهی گنبد خضرا بسوجم   فلک را جملە سرتاپا بسوجم
بسوجم از نە کارم نە بساجی   چە فرمائی بساجی یا بسوجم

(دەستگردی، ١٣٤٧)

لە چاپکراوەکەی دەستگردی بە شێوەی سەرەوە گۆڕدراوە و کراوە بە دووبەیتی.

دلی دارم خریدار محبت   کزو گرمست بازار محبت
لباسی بافتم بر قامت دل   ز پود محنت و تار محبت
غلط کردم رخ طاقت سیە باد   کە پیشت کردم اظهار محبت

(ئەوحەدی بلیانی، ١٣٨٩: ٩٠٠)

پاڵپشت بە کتێبی (تذکرە عرفات العاشقین) ئەم شێعرە هی تەقیەدین ئەوحەدی بلیانییە.
ئەمیش هاوشێوەی شێعری پێشوو سێ-بەیتیە.

دلی دیرم خریدار محبّت   دلی دیرم خریدار محبّت
لباسی بافتم بر قامت دل   ز پود محنت و تار محبّت

(دەستگردی، ١٣٤٧)

لە چاپکراوەکەی دەستگردی بە شێوەی سەرەوە گۆڕدراوە و کراوە بە دووبەیتی.

ار به دریا رسم دریا ته وینم ور به صحرا رسم صحرا ته وینم
به جز ته هیچ کیجی نی به گیتی از آن هر یا رسم هر یا ته وینم

(مەغربی، ١٣٥٨: ٢٥٧)

سحرگاهان که چشمم آوه گیری کهان اج آو چشمم لاوه گیری
انان خوناوه اج چشمان بوارم که گیتی سربەسر خوناوه گیری

(سەرچاوەی پێشوو: ٢٥٨)

ژمارەیەک لەو شێعرانەی وا پاڵ دراون بە بابا تاهیرەوە لە دیوانی مەغربی هەیە. ئەوەی سەرەوە دوو نموونە لەو شێعرانەیە.

(١)

چو من یک سوتەدل پروانەای نی جهان را همچو من دیوانەای نی
همه موران و ماران لانه دارند من دیوانه را ویرانەای نی

(٢)

در این بوم بر انجم پرورش نی شوانم خاو روزانم خورش نی
سری دارم که مغزش اندرش نی تنی دارم که پروای سرش نی

(٣)

دلا راه تو خار و خسک بی گزارت بر سر چرخ و فلک بی
گر از دستت در آیو پوس از تن بیوکن تا که بارت کمترک بی

(سۆفی مازەندەرانی، ١٣٤٧: ٧٠)

ئەگەرچی شەهاب تاهیری کە دیوانی سۆفی مازەندەرانی ساغ و چاپ کردۆتەوە و ئەو سێ دووبەیتیە بە هی بابا تاهیر نازانێ و لەو دیوانە هێناویەتی. بەپێی سەرنجی موراد ئەورەنگ لەوانەیە ئەو سێ دووبەیتیە نەدرێنە پاڵ بابا تاهیرەوە، بەڵام نابێ هی سۆفی مازەندەرانیش بێ. چونکە شێعرەکانی ئەو شاعیرە فارسین و هیچ نزیکایەتیان بە زمانی شێعری بابا تاهیرەوە نییە. بۆ نموونە شێعری خوارەوە:

ما را ز غم و غصه امانی نرسد بی محنت رنج نیم نانی نرسد
تا رو نشود ز صد سگ و صد گربەاز خوان جهانم استخوانی نرسد

(ئەورەنگ، ١٣٥٠: ٧٠)

جیا لەو سەرنجە شێعری (چو من یک سوتەدل پروانەای نی...) لە کۆنترین سەرچاوەدا واتا (دەستنووسی ژمارە ١٠٩٧ کتێبخانەی مەجلسی شوورای ئیسلامی – نووسراو لە ٩٣٠ کۆچی) هاتووە و کە ئەو مێژووە دەبێتە سەد ساڵ پێش لەدایکبوونی سۆفی مازەندەرانی.

سەرچاوەکان

١. ئازەربیگدلی لوتفعەلی بەیگ، آتشکده آذر، ساغکردنەوەی سەید جەعفەر شەهیدی، وەشانخانەی موسسه نشر کتاب، تاران، ١٣٣٧
٢. ئیبن الشجری، امالی، ساغکردنەوەی محمد الطناحی، ٣ بەرگ، وەشانخانەی مکتبه الخانجی، قاهیره، ١٤١٢ کۆچی
٣. ئیبن حوقل موحەمەد، سفرنامه ابن حوقل: ایران در صورة الارض، وەرگێڕانی دکتۆر جەعفەر شوعار، وەشانخانەی ئەمیرکەبیر، تاران، ١٣٦٦
٤. ئیبن خوردادبه عوبەیدوڵا، المسالک و الممالک، وەشانخانەی دارصادر، بەیرووت، ١٩٩٢
٥. ئیبن کەسیر، تفسیر القرآن العظیم، بەرگی ٦، وەشانخانەی دار الکتب العلمیة (منشورات محمد علی بیضون)، بەیرووت، ١٤١٩ کۆچی (١٩٩٨)
٦. ئیبن نەدیم محمد بن اسحق، الفهرست، وەرگێڕانی ڕەزا تەجەدود، وەشانخانەی ئیبن سینا، تاران، ١٣٤٦
٧. ئیبن نەدیم، کتاب الفهرست، وەرگێڕان: موحەمەد ڕەزا تەجەدود، چاپی یەکەم، وەشانخانەی ئەساتیر، ١٣٨١
٨. ئیبن ئەسیر عیزەدین عەلی، الکامل فی التاریخ، بەرگی ٩، وەشانخانەی دار صادر، بەیرووت، ١٣٨٥ کۆچی
٩. ئیبن ئەسیر عیزەدین عەلی، اللباب فی تهذیب الانساب، وەشانخانەی دارصادر، بەیرووت، ١٤١٤ کۆچی
١٠. ئیبن¬مازه موحەمەد بن عومەر، لطائف الاذکار للحضار و السفار فی المناسک و الاداب، ساغکردنەوەی ڕەسووڵ جەعفەریان، وەشانخانەی علم، تاران، ١٣٩٢
١١. ئێدمۆندز سیسیل جی، کردها ترکها عربها، وەرگێڕانی ئیبراهیم یۆنسی، وەشانخانەی ڕوزبهان، تاران، ١٣٦٧
١٢. ئیزەدپەنا حەمید، تاریخ جگرافیایی و اجتماعی لرستان، وەشانخانەی انجمن آثار و مفاخر فرهنگی، تاران، ١٣٧٦
١٣. ئیگرات، م. ڕەشید، سیاهپووش و چەند غەزەل و هەلبەست، ١٩٩٩، ئینستیویا کوردی ستەمبولێ.
١٤. ئەدوایی مەزهەر و دلریش بوشرا، روابط و مناسبات حکومت صفویه با الکای هورامان، گۆڤاری (فصل¬نامه پژوهش-های تاریخی)، زانکۆی ئەسفەهان، ژماره ٣١، ١٣٩٥
١٥. ئەزکایی پەرویز، تکمله و تعلیق بر گفتار مینورسکی، بابا طاهرنامه، تووس، تاران، ١٣٧٥، لاپەڕە: ١٢٥-١٤٤
١٦. ئەزکایی پەرویز، فرمانروایان گمنام، ١٣٦٧
١٧. ئەسکەندەر بەیگی مونشی، تاریخ عالم¬آرای عباسی، ئامادەکردنی موحەمەد ئیسماعیل ڕزوانی، وەشانخانەی دنیای کتاب، تاران، ١٣٧٧

١٨. یەعقووبی ئیبراهیم و مەزاهری خوداکەرەم، کوچ والیان لرستان فیلی به پشتکوه: بازخورد سیاست قاجاری کردن ایران، گۆڤاری (فصلنامه علمی فرهنگ ایلام)، ژماره ٦٦ و ٦٧، ١٣٩٩
١٩. ئەفشار ئیرەج، ایلام و تمدن دیرینه آن، بڵاوکراوەکانی وزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، تاران، ١٣٧٢
٢٠. ئەڵماس خان، دیوان خان الماس لرستانی، کۆکردنەوە و وەرگێڕانی سەید خەلیل عالی-نژاد، دەستنووس، ١٣٧٦
٢١. ئەمانوڵاهی بەهاروەند ئەسکەندەر، قوم لر، چاپی دووەم، وەشانخانەی ئاگاه ، تاران، ١٣٧٤
٢٢. ئەوحەدی بلیانی تەقیەدین، عرفات العاشقین و عرصات العارفین، ساغکردنەوەی زەبیحوڵا ساحبکاری و ئامنه فەخرئەحمەد، وەشانخانەی میراث مکتوب، تاران، ١٣٨٩
٢٣. ئەورەنگ موراد، سرودهای بابا طاهر همدانی، وەشانخانەی پەرچەم، تاران، ١٣٥٠
٢٤. بدلیسی شەرەفخان، شەرەفنامە، ئامادەکردنی موحەمەد عەباسی، وەشانخانەی نشر حدیث، تاران، پاییزی ١٣٧٣
٢٥. بۆرەکەیی سدیق، وەرگێڕانی دووبەیتیەکانی بابە تایەری هەمەدانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی فرووهەر، تاران، ١٣٦٠
٢٦. بێ-ناو، ستاد بازسازی و نوسازی مناطق جنگزده: عملکرد ده ساله بازسازی و نوسازی مناطق آسیب-دیده از جنگ، تاران، ١٣٧١
٢٧. بێ-ناو، مجمل التواریخ و القصص، وەشانخانەی کلاله خاور، تاران، ١٣٧٨
٢٨. بەرجیان حەبیب، زبان گفتار شهر اصفهان کی و چگونه فارسی شد، گۆڤاری زبان و گویشهای ایرانی، ژماره ٣، ڕەشەمەی ١٣٩٢
٢٩. بەرزگەر خالقی موحەمەد ڕەزا، شاخ نبات حافظ، چاپی پێنجەم، وەشانخانەی زەوار، تاران، ١٣٨٩
٣٠. بەکر بن النطاح، شعر، ئامادەکردنی حاتم صالح التضامن، زنجیرەی ٢-٥ گۆڤاری البلاغ، چاپخانەی المعارف، بەغداد، ١٩٧٥
٣١. بەهار ملک-الشعرا، سبک-شناسی، وەشانخانەی ئەمیرکەبیر، تاران، ١٣٣٧
٣٢. پوورجەوادی نەسروڵا، بابا طاهر: شرح احوال و نگاهی به آثار ابومحمد طاهر جصاص همدانی، چاپی دووەم، وەشانخانەی فرهنگ معاصر، ١٣٩٧
٣٣. تاهیری تەیۆب، سرزمین پهلویان در زمان شاه خوشین (قرن پنجم هـ. ق)، گۆڤاری شنروێ، ژماره ٢، پاییزی ١٣٩٩
٣٤. تووسی ئەدیب، فهلویات لری، گۆڤاری زانکۆی ئەدەبیاتی تەبرێز، ژماره ٤٤، ١٣٣٧
٣٥. تێهرانی شیخ ئاقا بوزورگ، الذريعة إلى تصانيف الشيعة، وەشانخانە: اسماعیلیان قم و کتابخانه اسلامیه تهران، ١٤٠٨ کۆچی

٣٦. تەبریزی کرندی حسامەدین، دوره شاه خوشین لرستانی، دەستنووس، کرماشان، ١٣٨٠
٣٧. جەباری ڕزگار، جەشنی شاعیرێکی دێرینی نەناسراوی کورد، گۆڤاری دۆکیۆمێنت، ژمارە ٣، تەمووزی ٢٠٢٤
٣٨. جەیحوونابادی نعمت الله، شاهنامه حقیقت، ڕاڤەی نوورعەلی ئیلاهی، وەشانخانەی جەیحوون، تاران، ١٣٧٣
٣٩. حاجی قادری کۆیی، دیوان، ئامادەکردنی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا بە پێداچوونەوەی مەسعوود موحەممەد، وەشانخانەی کوردستان، سنە، ١٣٩٠
٤٠. حوسەینی سەید سەعید، از دیار عرفان: زندگی اندیشه و آثار سید عبدالله بلبری، وەشانخانەی ئیحسان، تاران، ١٣٩٧
٤١. حوسەینی ئاب-باریکی سەید ئارمان، نگاهی تازه به زبان شعری بابا طاهر همدانی، کتاب ماه: ادبیات، ژماره ٨٠، سەرماوەزی ١٣٩٢، لاپەڕە ٢٤-٣٣
٤٢. حەبیبی عەبدوڵا، دیوانوو سەیدی هەورامی، چاپی یەکەم، وەشانخانەی کوردستان، سنە، ١٣٩٨
٤٣. حەبیبی عەبدوڵا، کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف، بەرگی ١، وەشانخانەی کوردستان، سنە، ١٤٠٠
٤٤. حەکیم مەلا ساڵەح، هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، بەرگی ١، چاپخانەی منارە، ٢٠٠٤
٤٥. خانلەری پەرویز، دوبیتی-های بابا طاهر: هفتاد سخن، بەرگی ٣، وەشانخانەی تووس، تاران، ١٣٦٩
٤٦. خانلەری پەرویز، دوبیتی-های باباطاهر، گۆڤاری پیام نو، ژمارە ٨: لاپەڕە ٢٦-٣٠ و ژمارە ٩، ١٣٢٤: لاپەڕە ٣٩-٦٠
٤٧. خزری شەهاب، فرهنگ گیاهان دارویی کردستان، چاپی دووەم، وەشانخانەی کوردستان، سنە، ١٣٩٠
٤٨. خەزنەدار، مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی: لە سەرەتاوە تا سەدەی چواردەم، بەرگی ١، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١
٤٩. دخویە میخائیل جان، المسالک و الممالک: ابن‌خردادبە عبیدالله، وەشانخانەی لیدن، ١٣٠٦ ق/ ١٨٨٩، بەیرووت
٥٠. دەستگردی وەحید، دیوان اشعار: بابا طاهر عریان همدانی، چاپی چوارەم، وەشانخانەی ئیبن سینا، تاران، ١٣٤٧
٥١. دەستگردی وەحید، دیوان کامل بابا طاهر همدانی، وەشانخانەی مطبعە ئەرمەغان، چاپی دووەم، تاران، ١٣١١
٥٢. دەفتەری دەورەی بابا ناوس، ساغکردنەوەی حسین روحتافی و بە خۆشنووسی سەید ئیمان خامۆشی، دەستنووس، سەحنە، ١٣٨٤


٥٣. ڕاوەندی محمد بن علی، راحة الصّدور وآیة السّرور در تاریخ آل سلجوق، ساغکردنەوەی موحەمەد ئێقباڵ و موجتەبا مینوویی، چاپی دووەم، وەشانخانەی ئەمیرکەبیر، ١٣٦٤
٥٤. ڕەزمارا حوسەین-عەلی، فرهنگ جغرافیای ایران (آبادیها): استان پنجم: کردستان، بەرگی ٥، تاران، ١٣٥٥
٥٥. ڕەشید یاسەمی غوڵامڕەزا، بابا طاهر عریان، گۆڤاری ئەرمەغان، ژمارە ١، ١٣٠٨، لاپەڕە: ٦٦-٧٠
٥٦. زیا موحەمەد ڕەزا، اوراق پریشان ٤، گۆڤاری بوخارا، ژمارە ١٠٨، ڕەزبەر و گەڵاڕێزانی ١٣٩٤
٥٧. زەڕین-کووب عبدالحسین، جست-وجو در تصوف ایران، وەشانخانەی ئەمیرکەبیر، تاران، ١٣٥٧
٥٨. سادینی خالید، فەقێ تەیران: ژیان و بەرهەمێن و هەلبەستێن وی، چاپی دووهەم، وەشانخانەی نووبهار، ئەستەمبۆڵ، ٢٠٢٠
٥٩. ساڵحی مەحیەدین، سرود بادیه: در احوال شعرای کرد و لک و لر، چاپی یەکەم، وەشانخانەی کوردستان، سنە، ١٣٨٠
٦٠. سوڵتانی ئەنوەر، کەشکۆڵە شێعرێکی کوردیی گۆران، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٠
٦١. سوڵتانی هەورامی موزەفەر بەهمەن، تاریخ هورامان، ئامادەکردن و ڕێکخستنی نادر کەریمیان سەردەشتی، چاپی یەکەم، وەشانخانەی ئیحسان، تاران، ١٣٨٦
٦٢. سۆفی مازەندەرانی موحەمەد، دیوان، ساغکردنەوەی شەهاب تاهیری، وەشانخانەی ئیبن-سینا، تاران، ١٣٤٧
٦٣. سیستانی ئەفشار، کرمانشاهان و تمدن دیرینه آن، وەشانخانەی زەڕین، تاران، ١٣٧١
٦٤. سەفا زەبیحوڵا، تاریخ ادبیات در ایران، بەرگی ١، وەشانخانەی زانکۆی تاران، ١٣٥٢
٦٥. سەفا زەبیحوڵا، تاریخ ادبیات در ایران، بەرگی ٥، چاپی پێنجەم، وەشانخانەی فردوس، تاران، ١٣٦٩
٦٦. سەمعانی عبدالکریم، الانساب، ساغکردنەوەی عبدالرحمن معلمی، دایرة المعارف العثمانیە، حەیدەرئاباد، ١٣٨٢ کۆچی
٦٧. سەنجابی عەلی ئەکبەر، ایل سنجابی و مجاهدات ملی ایران، ئامادەکردنی کەریم سەنجابی، وەشانخانەی شیرازە، تاران، ١٣٨٠
٦٨. شاخەوان سدیق، ئەدەبیاتی هەورامی و چەند باسێک، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت، سلێمانی، ٢٠٢١
٦٩. شەیدا مەردۆخی مەلا عەبدوڵا، تاریخ سلاطین مەردۆخی، ئامادەکردنی ئەحمەد نەزیری، چاپی یەکەم، وەشانخانەی پەرتۆبەیان، سنە، ١٣٨٣

٧٠. شیرازی حافیز، دیوان خواجه شمس¬الدین حافظ شیرازی، کۆکردنەوەی قەزوینی موحەمەد و غەنی قاسم، چاپخانەی سینا، تاران، ١٣٢٠
٧١. شەریف حوسەین¬پەناهی، ملوانکەی شین، چاپی یەکەم، سنە، ١٣٥٧
٧٢. شەفیعی کەدکەنی موحەمەد ڕەزا، قلندریه در تاریخ: دگردیسی¬های یک ایدئولوژی، وەشانخانەی سوخەن، تاران، ١٣٨٦
٧٣. شەمس قەیس ڕازی، المعجم فی معاییر اشعار العجم، ساغکردنەوەی موحەمەد قەزوینی و مودەڕس ڕەزەوی، تاران، ١٣٣٦
٧٤. شەمس ئیمسماعیل، بازخوانی و نقد تاریخی نظریه مینورسکی درباره گوران و پیوند آن با گیلان و کنارەهای دریای خزر، گۆڤاری تاریخ و تمدن اسلامی، ژماره ٤٤، پاییزی ١٤٠٢، لاپەڕە ١٢٦-١٥٠
٧٥. شەمیسا سیروس، سیر رباعی در شعر فارسی: به ضمیمه اجمالی در باب فهلوی، وەشانخانەی ئاشتیانی، تاران، ١٣٦٣
٧٦. عین القضات هەمەدانی، نامەها، ئامادەکردنی عەلینەقی مونزەوی و عەفیف عوسیران، چاپی سێهەم، وەشانخانەی ئەساتیر، تاران، ١٣٧٧
٧٧. عەسگەری عالەم عەلیمەردان، فهلویات یا تک¬بیت¬های کهن سور و سوگ به زبان لکی، وەشانخانەی ئەفلاک، خورەماباد، ١٣٨٢
٧٨. عەلیڕەزایی کەرەم، نگرشی به گویش چارپارەهای باباطاهر، وەشانخانەی شیداسب، ١٣٩٦
٧٩. عەلیزاده خەیات ناسر و حوسەینی ئاب¬باریکی سەید ئارمان، پژوهشی در وزن فهلویات: با تکیه بر فهلویات کردی، گۆڤاری فصلنامه ادبیات و زبان¬های محلی ایران زمین، ژماره ١٩، بەهاری ١٣٩٧
٨٠. غوڵامی سالومه، گویش¬شناسی اشعار بابا طاهر و اهمیت آن در بازسازی زبان بومی پیشین همدان، گۆڤاری (نشریه پژوهش-های زبان¬شناسی تطبیقی)، ژماره ٢٠، ١٣٩٩، لاپەڕە ٤٥-٧٨
٨١. فرووتەن عبدالرسول و سەیف عبدالرضا، تاملی در دوبیتی¬سرایی بطرز بابا طاهر، گۆڤاری (ماهنامه تخصصی سبک-شناسی نظم و نثر فارسی)، ژماره ٤، ١٣٩٩
٨٢. فیرووزبەخش پژمان، پراکندەها ١، گۆڤاری بوخارا، ژماره ٨٦، بەهاری ١٣٩١، لاپەڕە ٤٤٤-٤٤٩
٨٣. قانع: شێخ موحەمەدی دۆڵاش، کۆی بەرهەمەکانی قانع، چاپی یەکەم، وەشانخانەی ئامیار، سنە، ١٤٠٠
٨٤. قەزوینی ئەحمەد بن موحەمەد، تاریخ جهان¬آرا، وەشانخانەی حافظ، تاران، ١٣٤٣
٨٥. کاردۆخی موحەمەد ئەمین، دیوانی سەیدی، وەشانخانەی کوردستان، سنە، ١٣٨٥


٨٦. کازەروونی ئیزەدی موحەمەد مەهدی مەزلووم¬زادە، کازرونیه: دفتر اول، ئامادەکردنی عمادالدین شیخ الحکمایی، وەشانخانەی کازرونیه، تاران، ١٣٨١
٨٧. کەسرەوی ئەحمەد، زندگی و زمانه احمد کسروی، ئامادەکردنی موحەمەد ئەمینی، شرکت کتاب، لۆس¬ئانجلس، ٢٠١٦
٨٨. کەشکۆڵی دەستنووس (سید صالح ماهیدشتی – نسخه کتابخانەی ملی – شماره کتابشناسی ١١٢٠٣٥٧): لاپەڕەکانی ١٤، ٢٩ و ٨٨
٨٩. گۆران عەبدوڵا، دیوانی گۆران، چاپی سێیەم، وەشانخانەی پائیز، تاران، ١٣٨٦
٩٠. مستەوفی حەمدوڵا، نزهة القلوب، ئامادەکردنی موحەمەد دەبیرسیاقی، وەشانخانەی تەهووری، تاران، ١٣٣٦
٩١. مودەڕس مەلا عەبدولکەریم و فاتح عەبدولکەریم، کۆمەڵەی شێعری فەقێ قادری هەمەوەندی، بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٨٠
٩٢. مورادی ئیرەج، شاعیرانی کۆنی کەڵاتەرزان، بەرگی ١، بڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، ٢٠١٩
٩٣. مورادی ئیرەج، فەرهەنگی ڕوەکناسی کوردستان، وەشانخانەی کانی کتێب، سنە، ١٣٩٤
٩٤. مورادی ئیرەج، گەنجینەی پزیشکی حەکیمانی کوردەواری، بەرگی ١، چاپی یەکەم، وەشانخانەی ڕۆژ، سنە، ١٣٩٨
٩٥. مورادی ئیرەج، هەوڵێک بۆ نووسینەوەی ژیان و بەسەرهاتی یۆسفی یاسکە، گۆڤاری زانکۆی جیهان – سلێمانی، بەرگی ٦، ژمارە ٣، ٢٠٢٢، لاپەڕە ٦٠-٩١
٩٦. مونزەوی عەلینەقی و عەسیران عەفیف، نامەهای عین‌القضات همدانی، بەرگی ٢، وەشانخانەی ئەساتیر، تاران، ١٣٦٢
٩٧. مووسەوی غوڵامڕەزا، فرهنگ¬واژه پشتکوهی ایلام، وەشانخانەی گویش، ئیلام، ١٣٨٦
٩٨. موئەزەنی عەلی موحەمەد و زەهیر تەیوب، نامدار گمنان: بررسی متن بلاغة المراد فی الطریق الاوارد – علی عاشق خبوشانی جشنی صوفی و عارف صدەهای ٧ و ٨ قمری (زنده در ٧١٩ قمری)، گۆڤاری فصلنامه عرفان اسلامی، ژمارە ٥٨، ١٣٩٧
٩٩. میرزا سەمیعا، تذکرة الملوک، ئامادەکردنی موحەمەد دەبیرسیاقی، چاپی دووەم، وەشانخانەی ئەمیرکەبیر، تاران، ١٣٦٨
١٠٠. مینووی موجتەبا، از خزاین ترکیه، گۆڤاری (دانشکدۀ ادبیات دانشگاه تهران)، ساڵی چوارەم، ژمارە ٢، ١٣٣٥، لاپەڕە ٥٤-٥٨
١٠١. مینۆرسکی ولادیمیر، زیست¬نامه بابا طاهر، بابا طاهرنامه، تووس، تاران، ١٣٠٧، لاپەڕە ١١٥-١٢٣
١٠٢. مەردۆخ ڕۆحانی ماجد، فەرهەنگی زانستگای کوردستان، بەرگی ٣، وەشانخانەی زانکۆی کوردستان، سنە، ١٣٩٧

١٠٣. مەسعوودی ابوالحسن علی، التنبیه و الاشراف، وەرگێڕانی ابوالقاسم پاینده، بڵاوکراوەکانی علمی و فرهنگی، تاران، ١٣٣٨
١٠٤. مەسعوودی ابوالحسن علی، التنبیه و الاشراف، وەشانخانەی بریل، لایدن (هۆڵەند)، ١٨٩٣
١٠٥. مەسعوودی ابوالحسن علی، مروج الذهب، ئامادەکردنی کەمال حەسەن مەرعی، بڵاوکراوەکانی مکتبة العصریه، بەیرووت، ٢٠٠٥
١٠٦. مەعدەن-کەن مەعسوومە، شخشیت بابا طاهر، نامه فرهنگستان، دەورەی شەشەم، ژماره ٢: زنجیرەی ٢٢، ڕێبەندانی ١٣٨٢
١٠٧. مەغربی شەمس، دیوان کامل به انضمام رساله جام جهان-نما، ئامادەکردنی ئەبووتالب میرعابدینی، وەشانخانەی زەوار، تاران، ١٣٥٨
١٠٨. مەقدەسی ابوعبدالله شمس-الدین، احسن التقاسیم فی معرفة الاقالیم، وەرگێڕانی عەلینەقی مونزەوی، وەشانخانەی کۆمش، تاران، ١٣٨٥
١٠٩. مەقسوود جەواد، شرح احوال و آثار و دوبیتی-های باباطاهر عریان: به انضمام شرح و ترجمه قصار وی منسوب به عین-القضات همدانی با اصل و ترجمه کتاب فتوحات الربانیه فی مزج الهمدانیه به شرح و تفسیر محمد بن ابراهیم مشهور به خطیب وزیری، زنجیره بڵاوکراوەکانی انجمن آثار ملی ١١٣، ١٣٥٤
١١٠. نەفیسی سەعید، پورفریدون، باباطاهرنامه، وەشانخانەی تووس، تاران، ١٣٧٥
١١١. هجویری عەلی بن عوسمان، کشف المحجوب، ئامادەکردنی مەحموود عابدی، وەشانخانەی سرووش، تاران، ١٣٨٤
١١٢. هومەند نەسروڵا، بومی سرود: رضا خراتی، شێعر، ژماره ٨، بەفرانباری ١٣٧٢
١١٣. هیدایەت تەبەرستانی ڕەزا قولی خان، مجمع الفصحا، ئامادەکردنی مەزاهر موسەفا، وەشانخانەی مووسەوی، تاران، ١٣٣٩
١١٤. هێمن موکریانی، دیوانی هێمن: سەرجەمی شێعرەکانی، ئامادەکردنی وریا حەبیب، پەخشانگای ئازادی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨
١١٥. Dehqan Mostefa, Muzik uzerine Bir Ehli-Hak Kurt Folyosu: Folyoyeke kurdi ya Ehli Heqe li ser Muzike. Nubihar Akademi. No ١٧, ٢٠٢٢, ١٦١-١٧٠.
١١٦. Huart, Cl. Les quatrains de Baba Tahir Uryan en Pehlevi musulman.١٨٨٥, ser. JA, ٨, no. ٦: ٥٠٢-٤٥.
١١٧. Huart, Cl. Nouveaux quatrains de Baba Tahir, Spiegel Memorial Volume, ed. J. Modi, Bombay, ١٩٠٨, ٢٩٠-٣٠٢.
١١٨. Lewis Goefferyy, The Turkish Language Reform: A Catastrophic Success, Oxford: University Press. ١٩٩٩, p: ١١.

بەڵگەکان



وێنەی ١: لاپەڕەی شێعرەکانی باباتاهیری هەمەدانی لە نوسخەی ژمارە ٢٥٤٦ مۆزەخانەی شاری قۆنیە - تورکیە


تمام شد کتاب
مقطعات امیر محمود بن یمین بتوفیق الله رب
العالمین علی ید اضعف عباد الله تعالی الوثق
بها الدین بن السعید المغفور المبرور تاج الملة
و الدین حاجی حسن بن علی الحافظ الکاتب
العتمی فی غرة رمضان المبارک
یوم الاثنین بسنه سبع
و اربعین و ثمانمائه
هجریه نبویه

انجامه نسخه مجموعه اشعار در موزه قونیه به شماره ۲٥٤٦ و تاریخ ۸٤۷ (تصویر از میکروفیلم کتابخانه دانشگاه تهران)

وێنەی ٢: لاپەڕەی کۆتایی نوسخەی ژمارە ٢٥٤٦ مۆزەخانەی شاری قۆنیە - تورکیە



وێنەی ٣: سێ لاپەڕە لە شێعرەکانی باباتاهیری هەمەدانی لە دەستنووسی (لەیلێ و مەجنوون) – نوسخەی: Ms.or.oct.٩٠٦- کتێبخانەی (Staatsbibliothek zu Berlin)

وێنەی ٤: سێ لاپەڕە لە کەشکۆڵی (سفینە تبریز: ژمارەی بایەگانی ١٤٩٥٠، ژمارە قفس ١٤٥٩٠، کتێبخانەی مەجلس شوورای ئیسلامی¬--¬تاران) کە لە لاپەڕەی (٢٥٨-٥١٧-٦٦٨) باسی (فهلویات و اورامنان همدان و اورام)ی تێدایە.



356 AVRIL-MAI 1857.

lement; به bé ou بو bou, il est; هلالة helalé, en persan لالة lalé, coquelicot; شيلران chilerân, pluriel de شيلر chiler, torrent de montagnes.

II.

سری سوجی سری خوناوه ریزی

بشم واشم ازالی عالم بدر شیم

تو بسیر بافة بیمار جان

اگر دوری وشه تا دور تر شیم

Vois-tu cette branche, dont un bout brûle et dont l'autre bout verse de la sève? C'est l'image de mon cœur, qui brûle et qui saigne à la fois. Je partirai, pauvre et oublié, je m'en irai de ce monde, et, de l'autre monde, j'écrirai une lettre à l'idole de mon âme, pour lui dire : «Si mon absence peut te faire du plaisir, j'irai encore plus loin.

Nous n'avons jamais vu les poésies de Dabel; mais, s'il n'a pas mieux mérité de la langue kurde que son compatriote Baba Tahiri, allons la chercher plutôt dans le Kurdistan, chez les pâtres et les paysans illettrés du pays.

A. Chodzko.

(La fin à un numéro prochain.)

ÉTUDES SUR LA LANGUE KURDE. 355

POÉSIE.

Les Kurdes aiment à chanter, et ils improvisent avec facilité. Malheureusement ils ne cherchent pas à conserver par écrit leurs compositions poétiques. Outre le célèbre Dabel, dont nous avons déjà parlé, ils ont un poëte lauréat, Baba Tahiri, natif de la ville de Hamadan, qui vivait, ce me semble, vers la fin de notre XVI^e siècle. Baba Tahiri a laissé un recueil de ses œuvres complètes, composé de soixante et douze رباعی et d'un غزل. Le reproche qu'on fait à Dabel, de n'avoir pas cherché à se servir exclusivement de mots kurdes, peut aussi s'appliquer à Baba Tahiri, dont les compositions sont plutôt persanes que kurdes. Nous en donnerons ici deux échantillons :

I.

بنفشة جوبباران هفتة بە

هلالة كوهساران هفتة بە

منادی کردکان شیلران بە

وفای گل عذاران هفتة بە

La violette des fontaines ne vit qu'une semaine, le coquelicot des montagnes ne vit qu'une semaine. Le torrent qui mugit est le crieur public des Kurdes. La constance des jeunes filles aux joues de rose ne vit qu'une semaine.

On voit qu'il n'y a que quatre mots kurdes seu

JOURNAL ASIATIQUE

RECUEIL DE MÉMOIRES

D'EXTRAITS ET DE NOTICES

RELATIFS À L'HISTOIRE, À LA PHILOSOPHIE, AUX LANGUES ET À LA LITTÉRATURE DES PEUPLES ORIENTAUX

ET PUBLIÉ PAR LA SOCIÉTÉ ASIATIQUE

CINQUIÈME SÉRIE

TOME IX

PARIS

A L'IMPRIMERIE IMPÉRIALE

M DCCC LVII

وێنەی ٥: گۆڤاری فەڕانسەوی (Jornal Asiatique periodique – semestrial بەرگی ٩، ژمارە ٥، پاریس، ژانۆیە ١٨٥٧: لاپەڕە ٣٥٥-٣٥٦) کە باسی کوردبوونی باباتاهیر و شێعرەکانی دەکا.

گەلێکی بێ وڵات: مێژوویەکی دوورودرێژ لە جەنگی ناسنامە و مانەوە

شیکارییەک بۆ کتێبی (A People Without a Country)

ئامادەکردنی/ د. بەختیار زرار

پێشەکی:-

کتێبی «A People Without a Country: The Kurds and Kurdistan» کە لە ساڵی ١٩٨٠ بڵاوکرایەوە، وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە کتێبخانەی سیاسی جیهانیدا. جیرارد چالیاند، وەک توێژەرێکی ستراتیژی، توانی کۆمەڵێک لە گەورەترین مێژوونووس و چالاکوانانی کورد (وەک د. کەمال مەزهەر، عیسمەت شەریف وانلی و عەبدولڕەحمان قاسملوو) کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی ئەم دەقە بنووسن. کتێبەکە تەنها باس لە چەوسانەوە ناکات، بەڵکو نەخشەیەکی وردی جوگرافی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان پێشکەش دەکات، کە تا ئێستاش وەک سەرچاوەیەکی فەرمی لە زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکا دەخوێندرێت.

١. ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی: لە میرنشینەکانەوە بۆ خیانەتی لۆزان

چالیاند و هاوکارانی لەم بەشەدا بەڵگەی مێژوویی دەخەنە ڕوو کە کوردەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خاوەنی سیستمێکی «نیمچە دەوڵەت» بوون لە شێوەی میرنشینەکاندا. نووسەران جەخت دەکەنەوە کە «کوردبوون» پێش دروستبوونی دەوڵەتە مۆدێرنەکان هەبووە.

کتێبەکە بە وردی باس لەوە دەکات، چۆن پەیماننامەی سیڤەر (١٩٢٠) کە تێیدا مافی دەوڵەت بە کورد درابوو، بەهۆی بەرژەوەندی تورکیا، بریتانیا و فەرەنسا، لە پەیماننامەی لۆزاندا (١٩٢٣) سڕایەوە. چالیاند ئەمە بە «خاڵی وەرچەرخانی کارەساتبار» ناودەبات، کە وایکرد کورد ببێتە گەورەترین نەتەوە لە جیهاندا، کە خاکی هەبێت و خاوەنی دەوڵەت نەبێت. ئەم بەشە ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن جوگرافیای کوردستان کرا بە چوار پارچە بەبێ گوێدانە ویستی دانیشتووانەکەی.

٢. باکووری کوردستان: جینۆسایدی کەلتووری.

لەم تەوەرەیەدا، کتێبەکە باس لە توندترین شێوازی چەوسانەوە دەکات کە لە تورکیا پەیڕەو کراوە. نووسەران بە بەڵگەوە باس لە قۆناغی دوای ساڵی ١٩٢٥ دەکەن، کاتێک دەوڵەتی تورکیا هەموو بوونێکی کوردی قەدەغە کرد. چالیاند ڕوونیدەکاتەوە کە چۆن ویستراوە لە ڕێگەی گۆڕینی ناوی گوندەکان، قەدەغەکردنی جلوبەرگی کوردی و زمان، ناسنامەی کورد لەناو ببات. کتێبەکە باس لە کۆمەڵکوژییەکانی دەرسیم و ئاگری دەکات، وەک بەڵگەیەک بۆ سڕینەوەی جەستەیی کورد. نووسەران ئاماژە بەوە دەکەن کە کورد لەو کاتەدا نەک هەر مافی سیاسی نەبووە، بەڵکو بوونیشی وەک مرۆڤ خراوەتە ژێر پرسیارەوە. ئەم بەشە زۆر گرنگە چونکە پیشانیدەدات چۆن بەرگریی کورد لە باکوور لە شێوەی ڕاپەڕینە عەشایەرییەکانەوە گۆڕا بۆ بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی مۆدێرن کە تا ئێستاش بەردەوامە.

٣. باشووری کوردستان: ململانێ لەگەڵ بەغدا و گەمەی نێودەوڵەتی
ئەم بەشەی کتێبەکە کە زیاتر لەلایەن توێژەرە کوردەکانەوە نووسراوە، باس لە مێژووی خوێناوی کورد و عێراق دەکات و تەرخانکراوە، بۆ شیکردنەوەی شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان. کتێبەکە بەڵگەی گرنگ دەخاتەڕوو لەسەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کە وەک یەکەمین دانپێدانانی فەرمی بە ئۆتۆنۆمی کورد دەبینرێت، بەڵام دواتر ڕژێمی بەعس لێی پەشیمان بووەوە.
چالیاند بە وردی باس لە «خیانەتی جەزائیر» لە ساڵی ١٩٧٥ دەکات، کاتێک ئەمریکا و شای ئێران پشتیان لە کورد کرد، ڕێگەیان بە سەدام حوسێن دا شۆڕشی کورد تێکبشکێنێت. کتێبەکە پیشانی دەدات، کە چۆن باشووری کوردستان بووە گۆڕەپانی جەنگی سارد و چۆن کوردەکان باجی ململانێی زلهێزەکانیان دا. لە چاپە نوێیەکاندا، بەڵگەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە وەک «ل تاوانەکانی بەعس» زیاد کراون.

٤. ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان: بزووتنەوەی سیاسی و چەوسانەوەی بێدەنگ
لەم بەشەدا، عەبدولڕەحمان قاسملوو (کە یەکێکە لە نووسەرانی کتێبەکە) بە وردی باس لە مێژووی کورد لە ئێران دەکات و تەرخان کراوە بۆ باسی «کۆماری مەهاباد» وەک وێستگەیەکی شکۆداری مێژوویی. کتێبەکە ڕوونی دەکاتەوە چۆن کورد لە ئێران، چ لە سەردەمی شا و چ دوای شۆڕشی ئیسلامی، ڕووبەڕووی پەراوێزخستنی ئابووری و سیاسی بوونەتەوە.


هەروەها باس لە دۆخی کورد لە سووریا دەکرێت، بەتایبەت پرۆسەی «کەمەری عەرەبی» کە تێیدا حکومەتی بەعسی سووریا، ویستی دیمۆگرافیای ناوچە کوردییەکان بگۆڕێت و هەزاران کوردی لە مافی هاوڵاتیبوون بێبەش کرد. کتێبەکە نیشانی دەدات کە چۆن کورد لەم دوو پارچەیەدا، سەرەڕای فشارەکان، توانیویانە ڕێکخستنی سیاسی و کلتووری خۆیان بپارێزن و وەک هێزێکی کارا بمێننەوە.

- **ئابووریی کوردستان و نەوت: نیعمەت یان نەفرەت؟**

خاڵێکی ناوازەی ئەم کتێبە ئەوەیە کە تەنها سۆزداری نییە، بەڵکو شیکاری ئابووری دەکات. لێرەدا باس لە سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان (نەوت، ئاو و کانزاکان) دەکات. چالیاند دەڵێت یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دابەشکردنی کوردستان و ڕێگریکردن لە دەوڵەتی سەربەخۆ، بوونی نەوتی کەرکوک و موسڵ بووە.

کتێبەکە ڕوونیدەکاتەوە، کە چۆن دەوڵەتە داگیرکەرەکان سوودیان لە سامانی کوردستان بینیوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوەندەکانی خۆیان (تاران، ئەنقەرە و بەغدا)، لە کاتێکدا ناوچە کوردییەکانیان بە ئەنقەست بە هەژاری و دواکەوتوویی هێشتووەتەوە. ئەم «ئیستعمارە ناوخۆییە» وەک بەشێک لە ستراتیژی لاوازکردنی کورد دەبینرێت تاوەکو نەتوانن ببنە خاوەن ئابوورییەکی سەربەخۆ.

A PEOPLE WITHOUT



A COUNTRY

THE KURDS & KURDISTAN

EDITED BY GERARD CHALIAND

FOREWORD BY DAVID McDOWALL

دۆزی کورد لە تەرازووی یاسای نێودەوڵەتیدا
خوێندنەوەیەک بۆ بەڵگەنامەکانی عەبدولفەتاح عەلی یەحیا

ئامادەکردنی/ هاوکار حمەفرەج.
پرسی کورد لە کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە تاوەکو نەتەوە یەکگرتووەکان

کتێبی **«القضية الكردية في الوثائق الدولية»** لە نووسینی توێژەر و یاساناس **عەبدولفەتاح عەلی یەحیا**، وەک یەکێک لە سەرچاوە دۆکیۆمێنتارییە هەرە گرنگەکان دادەنرێت، کە بە زمانێکی یاسایی و سیاسیی ورد، مێژووی کورد لەناو هۆڵەکانی بڕیاردانی نێودەوڵەتیدا دەخاتەڕوو. ئەم کتێبە تەنها گێڕانەوەیەکی مێژوویی نییە، بەڵکو کۆکردنەوەی هەموو ئەو پەیماننامە، ڕێککەوتن و بڕیارانەیە کە لە ئاستی جیهانیدا دەربارەی کورد و کوردستان دەرچوون. نووسەر توانیویەتی بیسەلمێنێت کە دۆزی کورد تەنها کێشەیەکی ناوخۆیی وڵاتانی داگیرکەر نییە، بەڵکو پرسێکی نێودەوڵەتییە و ڕەهەندێکی یاسایی گەورەی هەیە.

١. سەردەمی کۆمەڵەی نەتەوەکان و دابەشکردنی کوردستان

لە بەشەکانی سەرەتایی کتێبەکەدا، نووسەر تیشکدەخاتە سەر ئەو قۆناغەی کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دروستبوونی «کۆمەڵەی نەتەوەکان» (League of Nations) دەستی پێکرد. لێرەدا بە وردی باس لە هەموو ئەو بەڵگەنامانە دەکرێت، کە پەیوەستن بە نەخشەی سیاسیی نوێی ناوچەکە.

کتێبەکە بە وردی شیکاری بۆ **پەیماننامەی سیڤەر (١٠ی ئابی ١٩٢٠)** دەکات، کە یەکەمین بەڵگەنامەی فەرمیی نێودەوڵەتییە و لە ماددەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)دا مافی سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دیاری کردووە. نووسەر باس لەوە دەکات، کە ئەم پەیماننامەیە وەک «ناسنامەی لەدایکبوونی سیاسیی کورد» دەبینرێت لە ئاستی جیهانیدا. بەڵام دواتر بە بەڵگەوە باس لە **پەیماننامەی لۆزان (١٩٢٣)** دەکات، کە چۆن وەک بەڵگەنامەیەکی «خیانەتکارانە» مافەکانی کوردی تێدا سڕایەوە و کوردستان بە فەرمی دابەشکرا. ئەم بەشە ڕوونیدەکاتەوە کە چۆن یاسای نێودەوڵەتی لەو سەردەمەدا کرایە قوربانی بەرژەوەندیی زلهێزەکان، چۆن بڕیارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەربارەی ویلایەتی مووسڵ (١٩٢٥) بوونە هۆی لکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە، بەبێ گەرەنتییەکی نێودەوڵەتیی ڕاستەقینە.

٢. پرسی کورد لەژێر چەتری نەتەوە یەکگرتووەکاندا

لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەم، کتێبەکە تیشکدەخاتە سەر ڕۆڵی **نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)** و ئەو بڕیارانەی کە لەم ڕێکخراوەوە دەرچوون. نووسەر باس لەوە دەکات کە هەرچەندە نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرەتادا، بە کێشەیەکی ناوخۆیی سەیری پرسی کوردی دەکرد، بەڵام کارەساتە مرۆییەکان وایانکرد ئەم دیدگایە بگۆڕێت.

یەکێک لە گرنگترین بڕیارەکان کە لە کتێبەکەدا ئاماژەی پێدراوە، **بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشە (٥ی نیسانی ١٩٩١).** نووسەر ئەم بڕیارە بە «وەرچەرخانێکی مێژوویی» ناودەبات، چونکە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر بەندی حەوتەمدا بڕیاریدا، کە سەرکوتکردنی کورد لەلایەن عێراقەوە مەترسییە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. ئەم بڕیارە بووە بنەمای یاسایی بۆ دروستکردنی «ناوچەی ئارام» و پاراستنی کورد لە کۆمەڵکوژی. هەروەها نووسەر باس لە بڕیارەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ و کەمینەکان دەکات، کە لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوون و تێیدا ئاماژە بە چەوسانەوەی کورد لە وڵاتە جیاوازەکاندا کراوە، وەک بەڵگەیەک بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە ئاستی جیهانیدا.

٣. پەیماننامە هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر دۆزی کورد

عەبدولفەتاح عەلی یەحیا لەم کتێبەیدا تەنها باس لە بڕیارە ئەرێنییەکان ناکات، بەڵکو هەموو ئەو ڕێککەوتنە «دوژمنکارانە»یانە دەخاتە ڕوو کە دەوڵەتانی داگیرکەر دژی کورد ئەنجامیان داوە. ئەم بەڵگەنامانە پیشاندەدەن، کە چۆن کورد بووەتە هۆکارێک بۆ یەکگرتنی نەیارە مێژووییەکان.

نووسەر باس لە **پەیماننامەی سەعدئاباد (١٩٣٧) و پەیماننامەی بەغدا (١٩٥٥)** دەکات کە تێیدا وڵاتانی (عێراق، تورکیا، ئێران) ڕێککەوتبوون بۆ سەرکوتکردنی هەر جووڵانەوەیەکی کوردی لە ناوچەکەدا. هەروەها بە وردی شیکاری بۆ **ڕێککەوتننامەی جەزائیر (١٩٧٥)** دەکات لە نێوان عێراق و ئێران، کە نووسەر وەک «کودەتایەکی نێودەوڵەتی» دژی شۆڕشی کورد دەیناسێنێت. لێرەدا باس لەوە دەکرێت چۆن یاسای نێودەوڵەتی و ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەکان بەکارهێنران بۆ خنکاندنی ئیرادەی نەتەوەیی گەلێک. ئەم بەشە نیشانی دەدات کە چۆن بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان لە هەمان کاتدا دەتوانن ببنە ئامرازی پاراستن یان ئامرازی سەرکوتکردن، بەپێی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی زلهێزەکان

٤. بەڵگەنامەکانی جینۆساید و کیمیاباران

بەشێکی تری کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ ئەو بڕیار و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییانەی، کە دوای کارەساتی **هەڵەبجە و ئەنفال** دەرچوون. نووسەر لێرەدا پەنا دەباتە بەر ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ و لیژنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تێیدا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دۆکیۆمێنتکراوە.

نووسەر ئاماژە بە بڕیارەکانی پەرلەمانی ئەورووپا و چەندین دەوڵەتی جیهان دەکات، کە تێیدا تاوانەکانی دژ بە کورد وەک «جینۆساید» ناسێنراون. ئەم بەڵگەنامانە وەک بناغەیەک دەبینرێن بۆ داواکارییەکانی کورد لە دادگا نێودەوڵەتییەکاندا بۆ قەرەبووکردنەوە و سزادانی تاوانباران. لێرەدا باس لەوە دەکرێت، کە چۆن «بەڵگەنامەی تاوان» دەبێتە بەشێک لە «بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی»، و چۆن کورد توانی لە ڕێگەی ئەم دۆکیۆمێنتانەوە مەزلۆمییەتی خۆی بە جیهان بسەلمێنێت. نووسەر جەخت دەکاتەوە، کە ئەم بەڵگەنامانە تا ئێستاش وەک سەرچاوەی یاسایی زیندوون ،بۆ هەر کێشەیەک کە ڕووبەڕووی کورد ببێتەوە لە ئایندەدا.

- **بڕیارە نێودەوڵەتییەکان دەربارەی مافی کلتووری و زمان**

لە کۆتایی کتێبەکەدا، نووسەر کۆمەڵێک بڕیار و ڕێککەوتننامەی تایبەت بە مافی گەلانی بێ دەوڵەت و کەمینە نەتەوەییەکان دەخاتە ڕوو، کە لەلایەن **یونسکۆ** و ڕێکخراوە کەلتوورییەکانەوە دەرچوون. ئەمانە ئەو بەڵگەنامانەن کە پاراستنی زمان و کەلتووری کوردییان کردووەتە ئەرکێکی نێودەوڵەتی.

نووسەر باس لە جاڕنامەی **جیهانیی مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨)** و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی ساڵی ١٩٦٦ دەکات، کە تێیدا جەخت لەسەر مافی چارەی خۆنووسینی هەموو گەلان کراوەتەوە. نووسەر ڕوونیدەکاتەوە، کە چۆن کورد دەتوانێت سوود لەم «وثائق»ە نێودەوڵەتییانە وەربگرێت، بۆ سەلماندنی شوناسی خۆی. ئەم بەشە ئومێدبەخشە و پیشانیدەدات، کە جیهانی هاوچەرخ خەریکە لە چوارچێوەی «یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ»دا شوێنێک بۆ کورد دەکاتەوە، دوای ئەوەی لە چوارچێوەی «یاسای نێودەوڵەتیی دەوڵەتان»دا بۆ ماوەی سەدەیەک پەراوێز خرابوو. کتێبەکە بەم پەیامە کۆتایی دێت کە کورد دەبێت وەک چەکێکی یاسایی لە هەموو ناوەندە جیهانییەکاندا ئەم بەڵگەنامانە بەکاربهێنێت.

کورد لە خامە و ڕوانگەی ڕووسەکانەوە

نوسینی: جەنەڕاڵ کارتسۆف (*) ١٨٩٦
ئامادەکردن و وەرگێڕان: د. سەرباز عزیز علی

شوێنی جوگرافی کورد:

کورد لە کۆنترین دانیشتوانی ڕۆژئاوای ئاسیان، بەگوێرەی جۆر و زمانیان سەر بەگەلانی بە ڕەچەڵەک ئارییین، بە پێی زانیارییەکان دەتوانین بڵێین، کە کورد لە کۆنەوە لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی تۆڕس «ڕۆژهەڵاتی فوراتـ» و چیاکانی زاگرۆس نیشتەجێ بوونە.

بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ڕووبەرێکی زۆر فراوانتریان داگیرکرد و لە ئێستادا سنووری نیشتەجێبوونی سەرەکی کوردەکان لە ڕۆژئاواوە ڕوباری فوراتـ، لە باشورەوە دەشتی میزۆپۆتامیا و چیاکانی لوڕستانە، لە ڕۆژهەڵاتەوە زنجیرەی تاڤێردی (Тахъ-верды) و لە باکورەوە ڕوباری ئاراسە. لە چوارچێوەی ئەم سنورانەدا کورد زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنێت. لە کاتێکدا تاک و تەرا لە هۆزەکانی تر لەودیو سنوورەکە دەبینرێن.

زۆرترینی ئەم داگیرکارییانەی سەر کورد لە پارێزگای خوراسانی فارس، لە ناوچەی ئێریڤان و ناوچەی قارس بەرەو ڕۆژئاوای فوراتـ دەبینرێن، کە کوردەکان وردە وردە لەگەڵ گەلانی دیکەی کۆچەری تێکەڵ دەبن.

لە چیاکانی دەوروبەری دەرسیم لە بناری باشووری چیای خەرزان-داگ و جودی، لە چیاکانی زاگرۆس و لە بەشێکی بەرچاو لە پارێزگاکانی ئەردەڵان و کرماشان، کوردەکان زۆرینەیەکی بەهێزن نەک تەنها لە گوندەکاندا، بەڵکو لە شارەکانیشدا. لە بەشەکانی دیکەی ئەو ڕووبەر و ناوچەیەی کە تیایدا نیشتەجێن، لە کاتێکدا وەک زۆرترین نەتەوە لە ناوچەکەدا دەمێننەوە، کەمینەیەکیان لە شارەکانن.

جەنەڕاڵ کارتسۆف دەڵێت: (هەرچەندە ناوی کوردستان دەخرێتە پاڵ پارێزگای ئەردەڵانی فارسەوە، بەڵام من ناوی ئەم ناوچەیە دەنێم کوردستان).

ناوی ”ئەرمەنستان“ لەلایەن ئەرمەنەکانەوە بۆ بەشێک لە ویلایەتەکانی وان و ئەرزڕوم و بەتلیس بەکارهاتووە، کە بۆ خەڵکی ڕەسەن بە تەواوی هیچ بنەمایەکی ئێتنۆگرافی نییە. ئەرمەنەکان کەمینەیەکی کەمی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە پێکدەهێنن، هەر بۆیە زۆر ڕاستترە کە پێی بڵێین باکوری کوردستان بەو پێیەی کورد لە ناوچەکەدا لە هەموو ڕوویەکەوە نەتەوەیەکی زۆرینە و باڵادەست پێکدەهێنن. ناوچەیەکی ڕوبەر کەم نەبێت نزیک دەریاچەی وان کە ئەرمەنەکان تیایدا زۆرینەن، کە دابەشبوونی دانیشتووان تیایدا زۆر کەمە، هەژارن و ناتوانن گرنگییەکی سیاسی ئەوتۆیان هەبێت.

ناوی ”ئەرمەنستان“ وەک زاراوەیەکی جوگرافی زۆر لەمەوبەر لە ئاسیادا وون بووە و نەماوە، بۆ یەکەمجار لەلایەن گراف پاسکێڤیچ ناوی ئێریڤان خاناتی «ناوچەی ئەرمەنستان» جارێکی تر دووبارە زیندوو کردەوە. لە هەر حاڵەتێکدا دانیشتوانی وان و بەتلیس و ویلایەتەکانی ئەرزڕوم تەنانەت گومانیان لەوە نییە کە لە ئەرمینیا دەژین.

باوەڕ (ئایین):

زۆربەی کوردەکان بیرو باوەڕی ئاینییان هەیە، بیرو باوەڕی ئایینی موسڵمانی سوننە مەزهەبی شافیعیین. ئەوان زۆر زوو بیرو باوەڕی ئیسلامییان قبوڵکرد، بەڵام هۆشیاری نەتەوەیی خۆیان لەدەست نەدا، بۆیە زۆرجار چوونە ناو خەباتی چەکدارییەوە تەنانەت لەگەڵ یەکەم خەلیفەی دانپێدانراوی موسوڵمانانیشدا.

ئەوان ددان بە سوڵتانەکانی ئێستای تورکیا (عوسمانی) وەک خەلیفە دانانێن، بەڵکو بەپێچەوانەوە توانای ئەوەیان هەیە لە نێو شێخەکانیاندا سەرکردەی ئایینی خۆیانیان هەبێت، کە هەندێکیان شوێن پێی ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر خەلیفەکانی شانشینی هۆزی ئۆمەییە.

چینی باڵا لەنێو کوردەکاندا لە زۆربەی کاتدا هەوڵ دەدەن پاکی باوەڕی ئاینیی ئیسلامی خۆیان نیشان بدەن، دەتوانرێ هەمان شت دەربارەی دانیشتوانی نیشتەجێی شار و گوندەکانی باشووری کوردستانیش بگوترێت، باقی خەڵکی تر وەک هەموو کۆچەرییەکانی دیکە بە زۆری تا ڕاددەیەک بێباکانە بابەتەکانی باوەڕ تەنها لە ساتە قەیراناویەکان و ململانێ لەگەڵ مەسیحییەکاندا، فەناتیزم لەهۆش و هەستیان دایە، جگە لەوەش تەواو ئەستەمە بڵێین کە کۆنەپەرستی یان ئارەزووی تاڵانییان هەیە.

هەروەک گوتراوە، کوردەکان هەموویان بیرو باوەڕی ئاینیی ئیسلامییان قبوڵ نەکردووە، بەڵکو هەندێکیان بیرو باوەڕی ئاینیی زەردەشتییان پاراستووە کە بەناوی ئێزیدییەکانەوە ناسراوە، لە کاتێکدا کەمینەیەکی تریان دان بە ئایینێکی تردا دەنێن بەناوی علی اللّه.

ئێزیدییەکان لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی خوێناوی بەردەوام بوونەتەوە، سەرەتا لەلایەن مەسیحییەکانەوە، پاشان لەلایەن محەمەدییەکانەوە، هەر بۆیە ئێزیدییەکان وا ڕاهاتوون بنەمای باوەڕەکەیان لەکەسانی دەرەوە بشارنەوە، هەر لەبەرئەمەشە کەمترین وردەکاری لەبارەی ئیمان و باوەڕییانەوە زانراوە.

ناوی ئێزیدییەکان لە وشەی فارسی کۆنی (یزد- ئا- خودا) کە ئاماژەیە بۆ بنەچەی فێرگەی ئێرانی دانان بە یەکسانی بنەماکانی چاکە و خراپە لە سروشتدا، ملکەچی و بەرجەستەکردنی بنەماکانی چاکە- ئاگر و خۆر، کەفارەتی ڕۆحی خراپە بەقوربانیدان، بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ نزیکی لەگەڵ فێرگەی زەردەشتیدا.

جەنەراڵ کارتسۆف نووسەری ئەم پەرتووکە دەڵێت: (هەندێک لە توێژەران بە لێکچوونی وشەکان فریویان خواردووە، ناوی ئێزدییەکانیان لە سێ خەلیفەی ئۆمەییەکانەوە وەرگرتووە، ئێزیدی یەکەم (٦٨٠-٦٨٣)، ئێزیدی دووەم (٧٢٠-٧٢٤) و ئێزیدی سێیەم (٧٤٤). ناوی ئەم خەلیفانە لە زمانی عەرەبییەوە هاتووە و هەموویان موسڵمانی دڵسۆز و بە پەرۆش بوون، هەر بۆیە بێگومان هیچ پەیوەندییەکیان بە ئایینی ئێزدییەکانەوە نییە.

ڕێزگرتن و بەرز نرخاندنی ڕۆحی تاریکی (مەلیک تاوس) لە لایەن ئێزیدییەکانەوە، ئەو ئەفسانەیەی لێکەوتەوە کە تەنیا شەیتان دەپەرستن و ئەو ڕێوڕەسمە ترسناکانەی کە لە هەمانکاتدا ئەنجامی دەدەن.

شوێنی پیرۆزی سەرەکی ئایینەکەیان دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی موسڵ، کە دوو ڕۆژە ڕێ لەو شارەوە دوورە، گڵکۆی (گۆڕی) پیرۆزی شێخ ئادی یان (هادی) دروستکراوە، کە وادیارە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە بڵاوبوونەوەی ئێزیدییەتدا.

ئەوان بناغەی دامەزراندنی ئێزیدییەکان دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی سێیەمی پێش زایین، هەندێکی دیکە باوەڕیان وایە کە لە سەدەی دوانزەدا بووە، کاتێک شێخ ئادی لە ڕاستیدا بەشدارییەکی بەرچاوی لە دروستکردنی ویستی ئێزیدییەت هەبووە لە کوردستاندا.

بە پشت بەستن بە قسەی یەکێک لە ئێزیدییەکان کە سەردانی گۆڕی شێخ-ئادی کردووە، جەنەراڵ کارتسۆف پێی وایە ئەم ناوە تەنیا نیشانەی ڕۆحی و ڕووناکی یان نەمرییە.

شێخ ئادی هەرکەسێک بووبێت، لەهەر حاڵەتێکدا پەرستگای سەر گۆڕەکەی پیرۆزگای هاوبەشی هەموو ئێزدییەکانە و لانیکەم جارێک لە ژیانیاندا هەریەکەیان هەوڵدەدەن سەردانی و بەشداری ئەو جەژنە بکەن کە لە سەرەتای بەهاردا لەوێ بەڕێوەدەچێت.

لە پەرستگاکە خانەقایەک هەیە کە قەشەکانی قەواڵە تێیدا دەژین کە پاسەوانی هێمای ڕۆحی تاریکی (مەلیک تاوس) دەکەن، کەڵەشێرێکی زێڕین یان تاووسێکی زێڕین قەواڵەکان- ئەم بتە دەگوازنەوە بۆ هەموو ئەو شوێنانەی کە ئێزدییەکان تێیدا نیشتەجێن و هاوکاری یاخود قوربانی کۆدەکەنەوە.

ئێزیدییەکان بۆ ئەوەی جیاوازییەکی بەرچاوییان لەگەڵ موسڵمانەکاندا نەبێت، ناوی موسوڵمانیان هەیە و ئایەتەکانی قورئان لەسەر گۆڕ و باڵەخانە پیرۆزەکانیان دەنووسن بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی دەقەکە پێچەوانەی بیرو باوەڕەکەیان نەبێت.

گەورەترین نیشتەجێبوونی ئێزیدییەکان لە چیاکانی شەنگال لە باشووری کوردستانە، کە لەوێ گەیشتوون بە خۆشگوزەرانییەکی ڕەها، هەروەها گروپێکی بچووک لە ئێزیدییەکان گەیشتوونە سنوورەکانی ڕووسیا، بەگشتی ژمارەی ئێزیدییەکان لەوانەیە لە (٣٠ تا ٤٠) هەزار کەسێک تێپەڕ ناکات.

جگە لە ئێزدییەکان، ئەو کوردانەی کە شوێن ئایینی علی الله دەکەون، لە ئیسلام لایانداوە. ئەم ئایینە تەنیا لەلایەن کوردەکانەوە پەیڕەو ناکرێت، بەڵکو نزیکەی هەموو تورکمانەکانی دانیشتووی ئاسیای بچووک سەر بەو ئایینەن، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ سەرچاوەی عەقیدەکە لە ئاسیای ناوەڕاست.

کوردەکانی تەریقەتی علی الله بۆ ئەوەی خۆیان لە لۆمەی موسڵمانەکان لابدەن، زۆرجار خۆیان بە شیعە ناودەبەن و دراوسێکانیشیان ڕاستەوخۆ بە قزڵ-باش ناویان دەبەن، واتە فارسەکان، بەڵام هەموو ئەمانە هیچ بنەمایەکیان نییە جگە لە ڕێزلێنان و پەیڕەوی ناوی عەلی کە ئەوان دەیپەرستن، وەک چۆن کریستیانەکان مەسیح دەپەرستن.

پەیڕەوانی ئەم باوەڕەی علی الله بەتەواوی هەوڵی شاردنەوەی باوەڕەکەیان دەدەن لە کەسانی دەرەوەی خۆیان، هەروەها هەڵگری ناوی موسڵمانانن و هیچ جیاوازییەکی ڕوخسارییان نییە لەگەڵ موسڵماناندا.

گەورەترین گروپ لە کوردەکانی کۆمەڵەی تەریقەتی علی الله یان قزڵ-باشی لە چیاکانی دێرسیم و بەشی باکووری دەشتی هارپوت دەژین، هەروەها تاقمێکی دیکەیان لە چیاکانی زاگرۆس و لە پارێزگای ئەردەڵانی فارس نیشتەجێن. جیاوازییان لەگەڵ باقی کوردەکانی تر تەنها لە باوەڕەکەیاندا نییە، خۆشگوزەرانییەکی تاڕادەیەک بەرچاویان بەدەستهێناوە، کە بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی ناوچەکەوە شاخەکانیان ئاسانکارییەکی زۆری بۆ کردوون، کە ڕێگەی پێداون بە سەرکەوتوویی ڕووبەڕووی لەشکرکێشییەکانی بەرپرسانی تورکیا ببنەوە.

لە تورکیا کوردی شیعە نییە، هەروەها لە ئێرانیش زۆر کەمیان هەیە، جگە لە خۆراسان، کە کوردەکان هەموویان شیعەن.

بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەردەمی شا عەباسی مەزن و نادر شادا، لە کاتی جیاجیادا لە کوردستانەوە بۆ خۆراسان نیشتەجێ کران، بە مەبەستی پاراستنی خۆراسان لە هێرشی تورکمانەکان. لەدوای کۆچکردنیانەوە بەتەواوی لەکوردستان دابڕاون، هەربۆیە بە وردی باسیان ناکەم.

زمان:

ئەو زمانەی کە کوردەکان قسەی پێ دەکەن ڕەگ و ڕیشەی ئارياييە و سەر بە گرووپی زمانە ئێرانییەکانە. زۆرینەی ڕەهای کورد بە زمانی کرمانجی قسە دەکەن. جگە لە وشەکانی ڕەگ و ڕیشەی ئێرانی، ژمارەیەکی کەم وشە لە بنچینەدا ئەرمەنی و تورانی لەخۆگرتووە.

کوردەکانی دێرسیم بە شێوەزارێک بە ناوی زازا قسە دەکەن. ئەم شێوەزارە لە زمانی فارسی نزیکترە وەک لە کرمانجی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵاوییەکی بەهێزی لەگەڵ وشە ئەرمەنییەکاندا هەیە.

